# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵدا

شەممە ١٨ی ڕەزبەر ١٣٩٤ _ ١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥ | ژمارە: ٦٦٥ | www.kurdistanukurd.com


## ماموستایانی قوتابخانەو خوێندنگەکان لە کوردستان دەستیان بە ناڕەزایەتی دەربڕین کردەوە

لە درێژەی ناڕەزایەتییەکانی ماموستایانی قوتابخانەکان لە ئێرانو کوردستان سەبارەت بە پێشێلکران و پشتگوێخرانی مافو خواستەکانیان لە لایەن کاربەدەستانو دەزگا جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەمڕۆ پێنج شەممە ١٦ی ڕەزبەر، ماموستایان جارێکی دیکە بە پێکهێنانی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیو هەڵگرتنی پلاکاردی هەڵگری خواستەکانیان، ناڕەزایەتیەکانی خۆی دەست پێ کردەوە.

بە پێی زانیاریەکان، ناڕەزایەتیی ماموستایان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت لە شارەکانی کرماشان، سنەو سەقز لە بەردەم ئیدارەی ئاموزش و پەروەرشی ئەو شارانە بەڕێوە چووە. لەم بارەوە ماموستایان بە بەرزکردنەوەی دروشمگەلی وەک گوشار بۆ سەر ڕێکخراوە پیشەییەکان بوەستێنن، ناڕەزایەتیی توندی خۆیان سەبارەت بە سەرکوتی توندی ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانەکانی پێشووی ماموستایان دەربڕی.

### حوزووری هێزی پێشمەرگە،

# هۆکارێک بۆ گەشانەوەی بزووتنەوەیی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی خەڵک

## دیاربوونی هێزی پێشمەرگە، هۆکارێک بۆ گەشانەوەی بزووتنەوەیی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی خەڵک

**قادر وریا**

پاش نزیکەی ٢٠ ساڵ دیارنەمانی تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە لە نێو خەڵک، حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم ساڵانەی دوایی دا ئەم هیوا لە مێژینەیەی خەڵکی هەتا ڕادەیەک هێنایەوە دی.

هەتا نێوەراستەکانی دەیەی حەفتای هەتاوی، هێزی پێشمەرگەی دیموکرات، هەموو ساڵێ و هەر ساڵێک زۆربەی مانگەکانی بەهار، هاوین و پاییز، لە زۆربەی ناوچەکانی چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو خەڵک دا دەبوون. ئەم ئامادەبوونەی هێزی پێشمەرگەی دیموکرات لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەڵێک ئامانجی هەبوو. هەم بۆ بەرگری لە خەڵک و پاراستنیان لە بەرامبەر هێرش و دەستدرێژیی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بوو، هەم بۆ پشتوانیی کادرەکانی حیزب کە بە کاری سیاسی، تەشکیلاتی، کۆمەلایەتی و مالییەوە خەریک بوون. نەریتی حوزووری ساڵانە و بەردەوامی پێشمەرگە لە نێو خەڵک دا، کولتوورێکی شۆڕشگێڕانە و خەباتگێڕانەی بەرهەم هێنابوو.

کۆمەڵانی خەڵک، بە تایبەتی ئەو توێژ و کەسانەی کە بە دڵەوە و بە کردەوە پشتیوانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و هیزی پێشمەرگە بوون، هەستیان بە بوونی پشتیوانێکی بە هێز لە تەنیشت خۆیان دەکرد. ئەو خەڵکە زەحمەتکێشەی بە هاسانی دەبوونە ئامانجی دەستدرێژی و بێحورمەتی و ڕاورووتی دەستوپێوەند و بەکرێگیراوانی ڕێژیم، پەنا و هومێدێکیان بۆ بەرگری لە خۆیان شک دەبرد. ئەو لاوانەی دەکەوتنە ژێرچاوەدێری و ئیتلاعات و دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە دوایانەوە بوون تا بیانگرن، هەر کە هەستیان بە مەترسی دەکرد، خۆیان دەگەیاندە پێشمەرگەکان و چەکی بەرگری لە کەرامەتی خۆیان و نەتەوەکەیان هەڵ دەگرت. کەسانێکی هەلپەرستیش کە مرخی خۆیان لە هاوکاریی دەزگای جاسووسی و سەرکوتی ڕێژیم خۆش کردبوو یا هاودەستی لە گەڵ ئەودام ودەزگایانەیان دەست پێکردبوو، نەیان دەوێرا سەر لە زۆر گوند و ناوچە و شوێن وەدەر بنێن و سام و هەیبەتی پێشمەرگەیان وەک مۆتەیەک بە دوای خۆیانەوە دەدی.

ل ٣




لەم ساڵانەی دواییدا تێکۆشانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ، هیوایەکی تازەی خستە دڵی خەڵکی کوردستانەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە ئاگاداری لە خەسارەکانی دیارنەبوونی درێژخایەنی هێزی پێشمەرگە لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، قۆڵی لە زیندووکردنەوەی نەریتی شۆڕشگێڕانەی حوزووری هێزی پێشمەرگە لە نیو خەڵک هەڵماڵی. جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە گرنگە ئەگەر چی لە سەرەتاوە زۆر سەخت دژوار دەهاتە بەرچاو، بەڵام بە هیممەت و ئیرادەی شۆڕشگێڕانە و بڕوای پتەوی فەرماندەران و پێشمەرگە قارەمانەکانی، هەر وەها بە پێشوازی، هاندان و هاوکاریی گەرمی خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تێکۆشەرانی دیموکرات، ئەم بڕیارەی خستە واری جێبەجێکردنەوە. جار بە جار و ساڵ بە ساڵیش هەم ڕووبەری ئەو ناوچانەی خانەخوێی پێشمەرگەی دیموکرات بوون، زیادی کردوە، هەم ژمارەی تیمەکان و بەشدارانی ئەم حەرەکەتە پیرۆز و شۆڕشگێڕانەیە، زیاتر بووە. تێکۆشان و چالاکیی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دیدارنوێکردنەوەیان لە گەڵ خەڵکی تامەزرۆ و تینووی دیداری پێشمەرگە، تروسکەی هیوای لە نیو ئەوخەڵکە دا زیندوو کردوەتەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئەرکی خۆی دەزانێ ئەم تروسکاییە بە هێز بکا. چونکە پێی وایە یەک لە پێویستییە سەرەکییەکانی گەشانەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئامادەبوونی هیزی پێشمەرگە لە سەرخاکی ڕۆژهەڵات و لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە.

## ئێعدامکرانی ٧٩١ کەس لە ئێران لە ماوەی ٩ مانگی ڕابردوودا

ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە ئێران دەڵێ لە ماوەی ٩ مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا لە وڵاتی ئێران ئاستی ئێعدامکردنی زیندانیان سەدی ٣٥ بەرزبۆتەوە.

زۆربەی ئێعدامەکان لە ئێران پێوەندییان بە مادەی هۆشبەرەوە هەیەو تەنیا لە زیندانی قزلحەساردا لە نێو نزیک بە ٢ هەزارو ٣٠٠ بەندکراودا کە بە تۆمەتی قاچاغی ماددەی هۆشبەر گیراون، ١٨٥٠ کەسیان حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە. هەر بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان لە ماوەی ٣ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا لانیکەم ٩٢ هەزار کەس لە ئێران بە هۆی مادەی هۆشبەرەوە دەستگیر کراون.

ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران دەڵێ تەنیا لە ماوەی ٩ مانگی ئەمساڵی زایینیدا، ئاماری ئێعدام لە چاو ساڵی ٢٠١٤ زیاتر لە سەدی ٣٤ بەرزبۆتەوە، ئەمە لە حاڵێک دایە کە سێ مانگ بۆ کۆتایی ئەمساڵ ماوەو شیمانەی ئەمە دەکرێ کە ئەم ئامارە تا ئاستێکی بەرچاو بەرزبێتەوە.

بەپێی ئەو ئامارە لە ماوەی ٩ مانگی ئەمساڵ، ٧٩١ کەس لە ئێران ئێعدام کراون کە هەواڵی تەنیا ئێعدامکرانی ٢٩٨ کەسیان لە ڕاگەیەنو سایتە دەوڵەتییەکان‌دا بڵاوکراوەتەوە. لە نێو ئەم کەسانەدا لانیکەم ١٢ کەسیان ژن بوون.

لە ساڵی ٢٠١٤ی زایینیش‌دا ٧٥٣ کەس لە ئێران ئێعدام کران کە تەنیا هەواڵی ٢٩١ کەسیان لە لایەن سەرچاوە ڕەسمییەکانی دەوڵەتەوە بڵاوکراوەتەوە. لەم نێوەدا ٣٦٧ کەس واتە نیوەیان بە تۆمەتی مادەی هۆشبەرو ٢٤٠ کەسیان بە تاوانی "کوشتن" لە دار درانو لانیکەم ٢٦ کەس لەوان ژن بوون.

بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران لە ماوەی ٩ مانگی ڕابردوودا لانیکەم ٥٤٣ کەس بە تاوانی مادەی هۆشبەر ئێعدام کراون کە تەنیا ١٤٦ بابەتیان لە لایەن میدیاو ڕاگەیەنە دەوڵەتییەکانەوە بڵاوکراوەتەوە.



غوڵامحوسێن مۆحسێنیی ئێژەیی، وتەبێژی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی پێشتر ڕایگەیاندبوو کە تاوانی زیاتر لە سەدی ٤٤ی بەندکراوانی ئەم وڵاتە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە مادەی هۆشبەرەوە هەیە.



هەڵوێستەیەک لە سەر قسەکانی روحانی لە کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا
٤


بیری دیموکراسی لە نێوان ململانێی ئێران و عەرەبستاندا
٥


کارکردی خەبات بە دژی گەندەڵی لە نێو کۆماری ئیسلامی ئێراندا
٦



نائارامی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند قسەیەک
٧


کوردەکان جگە لە شاخەکان هیچ هاوڕێیەکیان نییە
٩

کوردستان
ژمارە: ٦٦٥
١٨ی رەزبەری ١٣٩٤ _ ١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥

# نوێترین ئاماری یوونیسێف لەسەر قەیرانی سووریە

پاش تێپەرینی ٥ ساڵ بەسەر قەیرانو شەری نێوخۆیی لە سووریەدا، یوونیسێف، سندووقی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڵاوکردنەوەی ئامارێکی نوێ ئاشکرای کردووە کە ئەم قەیرانە ژیانی چەندین میلیۆن منداڵی سووری وێرای بنەماڵەکانیان فەوتاندوە.

بەپێی ئەم راپۆرتە تا ئێستا پتر لە ٢٢٠ هەزار کەس لە شەری نێوخۆیی سووریەدا گیانیان لە دەست داوە و چەند هێندی ئەم رێژەیەش بریندار بوون. ٧ میلیۆنو ٦٠٠ هەزار کەسیش لە وڵاتەکەی خۆیان کە ئێستا بە تەواوی کاول بووە تەوەللا بوونو بە ناچار دەستیان لە ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵگرتووەو ئاوارە بوون، هەروەها پتر لە ٤ میلیۆن پەنابەری سووریی دیکەش پەنایان بۆ وڵاتانی تورکیە، لوبنان، ئۆردۆن، عێراق و میسر بردووە.

بەپێی ئەم ئامارە٢ میلیۆن و ٧٠٠ هەزار منداڵی سووری لە قوتابخانە دابراونو لە هەر ٤ قوتابخانەی سووریە، یەکێکیان وێران بووە یان وەک بنکەی نیزامی کەڵکی لێ وەردەگرن.

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشبینی دەکا کە وەنەوەی داهاتووی ئەم وڵاتەش هەروا لە دەرس خوێندن بێبەش بنو زۆربەی منداڵانی سووری هیچکات ناتوانن روو لە قوتابخانە بکەن.



لەم راپۆرتەدا هەروەها هاتووە کە لە هەر ٣ نەخۆشخانەی سووریە دەرکی دوویان داخراوەو چۆل بوونو؛ لە هەر ٢ پزیشک، یەکیان وڵاتی بەجێ هێشتووە و پتر لە سەدی ٨٢ ی حەشیمەتی ئەم وڵاتە لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.

# دانیشتنی دوو لایەنی دیموکرات لە ئاستی دەفتەری سیاسیدا

دوو لایەنی دێموکراتەکان لە ئاستی دەفتەری سیاسیدا کۆبوونەوە.

پێشنیوەرۆی یەکشەممە ٢٧ی سێپتامبر(٥ی مانگی رەزبەر)، هەیئەتێک پێکهاتوو لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حدکا بە سەرۆکایەتیی بەرێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتی ، سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزب بە سەرپەرستیی رێزدار خالید عەزیزی سکرتێری گشتی، پێشوازیی لێکرا.

ئەم دانیشتنە هاوبەشەی هەر دوو لایەنی دیموکرات لە ئاستی دەفتەری سیاسیدا بۆ درێژەی باسو وتووێژ لە سەر پرسی یەکگرتنەوە بوو کە ماوەی چەند مانگێک بوو وتووێژەکانی پێوەندیدار راگیرابوون.

لە سەرەتای باسەکانی ئەم دانیشتنەدا، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کاک خالید عەزیزی، وێرای بە خێرهێنانی هەیئەتی میوان، خۆشحاڵیی خۆیو رێبەریی حیزبی دیموکراتی لە دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکان راگەیاند. پاشان کاک مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حدکا، تێروانینی خۆیان بۆ پرسی چۆنیەتیی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان خستە روو. ئەو تێروانینەی لایەنی حدکا وڵامدانەوەیەکی تا رادەیەک ئەرێنیی بە پێشنیارو دەسپێشخەرییەکانی پێشووی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی تێدا بەدی دەکرا. وەک نموونەی ئەو ئاڵوگۆرانە دەکرێ ئاماژە بە قبووڵکردنی مێژووی هەر دوو لایەنی دیموکرات وەک بەشێک لە مێژووی حیزبی دیموکراتی یەکگرتوو بکەین کە یەکێک لە بنەماکانی رێککەوتننامەی یەکگرتنەوە دەبێ.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەر چەند وڵامدانەوە بە پێشنیارەکانی هەیئەتی میوانی بۆ دوای هەڵسەنگاندنیان لە کۆبوونەوەی تایبەتیی خۆی لە رۆژانی داهاتوو دا هەڵگرتوە، بەڵام هەر لەم دانیشتنەشدا کۆمەڵێک لە خاڵە لاوازەکانو ناتەواوییەکانی پێشنیارەکانی لایەنی بەرامبەرو تێبینیو راو سەرنجەکانی خۆی لە بارەیان بە راشکاوی هێنایە گۆر.



خاڵی جێگای سەرنج لە باسەکانی ئەم دانیشتنەدا ئامادەیی نیشاندانی هەردوو لا بۆ هاوکاری و هاوفکری لە دابینکردنی گرنگترین ئەو بنەمایانەدا بوو کە پێویستە یەکگرتنەوەی هەر دوو لایەنی دیموکراتی لە سەر دابمەزرێ. هەر دوو لایەنیش وێرای پێداگرتنەوە لە سەر زەروورەتی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان، بە ئەرکی سەرشانی خۆیان زانی بە جیددییەتی زیاترەوە کار لە سەر پرسی یەکگرتنەوە بکەن و ئامادەیی زیاتر بۆ وەرگرتن و قبووڵی تێبینی و بۆچوونەکانی لایەنی بەرامبەریان لە خۆیان دا پێک بێنن.

# بەشداری هەیئەتی حدک لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکاری بریتانیا




لەسەر بانگهێشتی رەسمی حیزبی کرێکاری بریتانیا (لیبەرپارتی) رۆژی دووشەممە، ٦ ی رەزبەر ( ٢٨ی سپتامبری ٢٠١٥ی زایینی)، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا پێکهاتوو لە مەولوود سوارە، ئەندامی رێبەریو نوێنەری حیزب لەو وڵاتەو، کەیوان شیرزاد ئەندامی کومیتەی حیزب، لە رێورەسمێکی تایبەتدا کە بە بۆنەی رۆژی نێونەتەوەیی ئەم حیزبە لە کۆنفرانسی ساڵانەیان لەشاری برایتۆن ساز کرابوو، بەشدارییان کرد.

رۆژی یەکەمی ئەم کۆنفرانسە کە بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە حیزبە سۆسیالیستەکانی سەرانسەری جیهان، دیپلۆماتو باڵوێزی وڵاتانی دنیا لە لەندەنو نوێنەری بەشێک لەحیزبە کوردستانییەکان بەرێوەچوو، تەرخان کرابوو بۆ کۆبونەوەو مێزگرد و ورک شۆپ بۆ میوانەکان کە لە هەموو جیهانەوە بەشدارییان تێدا کردبوو.

دوو رۆژی سەرەتای ئەو کۆنفرانسەش کە بە رۆژانی نێونەتەوەیی کۆنفرانس ناودێر کراوە، زیاتر بایەخ بە میوانانو ئەو پێشنیارو راوراوێژانە دەدرێ کە لە لایەن دەستەی ئامادەکاری کۆنفرانسەوە ئامادە کراوە.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی بەشداریکردنی لەو کۆنفرانسەداو لە پەراوێزی بەرنامە سەرەکییەکانی کۆنفرانسدا لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لە بەرپرسو سکرتێری حیزبە سیاسییەکان، وەزیرو کاربەدەستانی حیزبی کارگەرو بەرپرسو لێپرسراوانی بەشی نێونەتەوەیی لیبەرپارتیو هەروەها میوانان لەم کۆبونەوەیەدا دیدارو چاوپێکەوتنیان بوو.

# لە کۆبوونەوەیەکدا لەبەردەم پارڵمانی ئوروپا سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی مەحکووم کرا

نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپاو چەند کەسایەتییەکی سیاسیی ئێرانی بەناوی حیزبو رێکخراوەکانیان لەو کۆبوونەویەدا وتاریان پێشکەش کرد.

هەموو بەشداران وێرای ئاماژە بە دۆخی زۆر خراپی مافی مرۆڤ بە گشتیو زیندانیانی سیاسی و مەدەنی لە ئێراندا، تەئکیدیان لە سەر پێویستیی گرینگیدان بە کەیسی مافی مرۆڤ لە لایەن ئوروپاییەکان کردەوە.

ئیزابێل دورانت لە وتارەکەیدا گوتی: کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ باش بزانێ رێککەوتنی ناوکی بە مانای لەبیرکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران نیە. ئەو وێرای یاد لە شاهرۆخ زەمانی کە بە گوێرەی هەواڵی بڵاوبۆوە لە زیندانی رجایی شهر کەرەج بە هۆی جەڵتە گیانی لە دەست داوە، ئاماژەی بە وەزعیەتی زیندانیانی سیاسیی کورد لە ئێراندا کردو بە کەیسی تایبەتی نێوبردن.

کاوە ئاهەنگەری نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپاش لە وتارەکەیدا باسی لەوە کرد کە ئێمە لێرە لە بەردەم پارڵمانی ئورووپا کۆبووینەتەوە چوونکە پێمان وایە یەکیەتیی ئورووپاو نوێنەرانی پارلمانی ئورووپا دەتوان یارمەتیدەری کەیسی مافی مرۆڤ لە ئێران بن، وڵاتانی ئوروپایی وێرای تەئکید لە سەر بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان، جێی خۆیەتی کە لە دانووستانەکانیان لەگەڵ ئێراندا گرینگی بە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بدەنو بلە پێناو بەرژەوەندی ئابووریدا مافی مرۆڤو بەها دێموکراتیکەکان فەرامۆش نەکەن.

ئاهەنگەری لە درێژەی وتارەکەیدا، وێرای مەحکومکردنی ئێعدامی شەهیدان مەنسور ئاروەندو بێهروز ئاڵخانی؛ دوو زیندانیی سیاسیی کورد کە لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا بە بریاری دەزگای قەزایی رێژیم ئێعدام کران، داوای لە ئەندامانی پارلمانی ئورووپا کرد کە ئاوڕ لە دۆخی محەممەد صدیق کبودوند، مەسعود و خوسرەو کوردپور، کەماڵ شەریفی، عەدنان حەسەنپوورو دەیانو سەدان زیندانی سیاسیو مەدەنیو رۆژنامەنووسی کورد بدەنەوە کە ئێستا لە نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەند کراون



رۆژی سێشەمە، ٧ی رەزبەر (٢٩ی سێپتامبر) کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسیی ئوروپاییو ئێرانییانی دانیشتووی بلژیک بە مەبەستی مەحکومکردنی کۆماری ئیسلامیو پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسیو مەدەنی لە بەردەم پارلمانی ئورووپا کۆبوونەوە.

لەم خۆپێشاندانەدا کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسیو چالاکی سندیکایی بەشدارییان کردو وتاریان پێشکەش کرد.

ئیزابێل دوورانت، جێگری پێشووی سەرۆکی پارلمانی ئورووپاو نوێنەر لە پارلمانی بژیک؛ باربارا لۆخبیلێر نوێنەرو جێگری سەرۆکی کومیتەی مافی مرۆڤی پارلمانی ئوروپا؛ ئانا گۆمێژ، نوێنەری پارلمانی ئورووپا؛ ژان ماری روگ، نوینەری رێکخراوی جیهانی مافی مرۆڤ لە ئوروپا؛ فلیپ وان نیک، نوێنەری رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی؛ کاوە ئاهەنگەری، خەباتکارانی نێوخۆ و چالاکانی سیاسی. هاوکات پێداچوونەوەو خەسارناسییەک کرا بۆ ئەو چالاکییانەی کە لە ساڵانی رابردوو دا بە هاوکاریی هەموو لایەک کراونو پێ لە سەر ئەوە داگیراوەیە کە بە چاوپێداخشاندنەوە بە کارەکانی رابردوودا هەوڵی لابردنی کەموکورییەکان بدرێو ریزی خەباتکاری دژ بە رژیمی ئیسلامی تۆکمە تر بکرێ.

# کۆبوونەوەی ٤ حیزبو لایەنی کوردیو ئێرانی لە زوریخی سوئیس

چوار حیزبو لایەنی سیاسیی کوردی بە مەبەستی پلانداىان بۆ کاری هاوبەش لە زوریخی سوئیس کۆبوونەوە.

رۆژی یەکشەممە، ٥ی رەزبەر ( ٢٧ ی سێپتامبر ) لە شاری زوریخی وڵاتی سویس، چوار حیزبو لایەنی کوردستانیو ئێرانی بۆ باس لە سەر دارشتنی پلانو بەرنامە بۆ هاوکاری زیاتر لە داهاتوو داپێکەوە کۆبوونەوە.



بەپێی راپۆرتی ناوەندی هەواڵی دەرەوەی وڵات لەو دانیشتنەدا کە بەبەشداریی نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کومەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کانونی پەنابەرانی ئێرانیو رێکخراوی دایکانی ئازادی بەرێوەچوو، هەموو لا کۆک بوون لە سەر پێویستیی پێکهێنانی بەرەیەکی تۆکمە لەو وڵاتە بۆ دژایەتیی زیاتری سیاسەتە دژی گەلییەکانی رژیمی ئیسلامی ئێرانو لە قاودانی پیلانو بەرنامە دژی مرۆڤایەتییەکانی ئەو رێژیمە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە دارشتنی پلانێکی هاوبەش کرا بۆ رێکخستنی خۆپیشاندانو ئاکسیۆنەکانی داهاتوو، بە تایبەت لە کاتە پێویستەکانی وەک ئێعدامی بەندکراوانی سیاسی یان هەر رووداوێکی نەخوازراوی دیکە کە لەلایەن رێژیمەوە ببێتە مەترسی بۆ سەر گیانی

داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤو یەک لەوان مافەکانی گەلی کورستان تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو دانیشتنە بوو کە ئەحمەد رەسوڵی، بەرپرسی کومیتەی زوریخ؛ رەحمەت ئیبراهیمیو خوسرەو مستەفانژاد ئەندامانی کومیتە بە نوێنەرایەتیی کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دێموکڕات تێیدا بەشداربوون.

هەر هەمان رۆژ لە سەر بانگهێشتی بەشی کلتوریی نەتەوەکانی نیشتەجێ لە وڵاتی سوئیسو بە تایبەتی شاری زوریخ، هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشداریی کۆبوونەوەیەکیان کرد کە ئەو رێکخراوەیە بۆ کۆکردنەوەو لێک نزیککردنەوەی نەتەوەکانی جێگیر لەو وڵاتە پێکی هێنا بوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە نوێنەرانی چەندین نەتەوەی دیکەی جێگیر لەو وڵاتە تێیدا بەشدار بوون، باس لە هاوکایو نزیکایەتیی زیاتری نەتەوەکان بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی رووناکو گەش بۆ منداڵو نەوەکانی داهاتوو و، هاوکاری و هاودەنگی زیاتر لە نێوان نەتەوە جیاوازەکانی نێشتەجێی ئەو وڵاتە.

کوردستان
ژمارە: ٦٦٥
١٨ی ڕەزبەری ١٣٩٤ _ ١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥

## بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە



کۆنفرانسی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ڕۆژی شەممە، ١١ ی ڕەزبەر بە بەشداریی نوێنەرانی چەندین وڵاتی ئورووپایی‌و هەروەها دەستەی بەڕێوەبەری ئەو ڕێکخراوەیە دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

دوای ڕاگەیاندنی بەرنامەکانی کۆنفڕانس لەلایەن شەهین زادئەحمەد، وەک بەڕێوەبەری کۆنفرانس‌و کردنەوەی کۆنفڕانس بە قسەکانی خاتوو ماپەرە قەرەگۆلی، وەک یەکێک لە ئەندامانی دێرینی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان؛ خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە نوێنەرایەتی حیزب لەو کۆنفرانسەدا پەیامێکی پێشکێش کرد.

خاتوو گوڵاڵە لە پەیامەکەی‌دا وێرای پیرۆزبایی کردن، پێداگری لەسەر پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی لە یەکیەتیی ژنان کردو تیشکی خستە سەر ئەوەی کە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان هێزیکی مەعنەوی‌و پتەو بووە کە جیا لە خەبات بۆ مافەکانی خۆیان، لە بواری نەتەوەیی‌و نیشتمانپەروەریش‌دا هەنگاوی بەجێ و هەڵوێستی کوردانەیان بووە.

پێشکێش‌کردنی پەیامی بەڕیوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو مەحبووبە ڕەحیمی، بەرپرسی یەکیەتیی ژنان لە نۆرویژ؛ پەیامی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نۆرویژ لە لایەن ئەسعەد خزری، بەرپرسی کۆمیتەی نۆرویژو، هەروەها خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کار و چالاکی و ئەرکەکانی ئەو ڕێکخراوەیەوە لە لایەن خاتوو شوعلە قادری، بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات چەند بڕگەیەکی دیکەی کاری ئەو کۆنفڕانسە بوون.

لە بڕگەکانی دیکەی ئەو کۆنفڕانسەدا لەلایەن بەشدارانی کۆنفڕانسەوە قسە لەسەر ڕاپۆرتی کارو چالاکی‌یەکانی ئەو ڕێکخراوەیەو هەروەها ئاییننامەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات کراو؛ دوای پەسندکرانەوەی ئەو ئاییننامەیەو لە دوایین بەشی کاری ئەو کۆنفڕانسەدا کۆمیتەیەکی بەڕێوەبەریی نوێ بۆ ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی ولات هەڵبژێردا.

## بەرنامەی سپای پاسداران بۆ عەمەلیاتی هاوبەش لەگەڵ ڕووسیە لە سووریە



بەرنامەی سپای پاسداران بۆ عەمەلیاتی هاوبەش لەگەڵ ڕووسیە لە سووریە

سایتی "سەحام نیووز" سەر بە مێهدی کەڕووبی باسی لە ئەگەری عەمەلیاتی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە هاوئاهەنگیی ئەرتەشی ڕووسیە و حیزبوڵڵای لوبنان لە سووریە کردووە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە پاش گواستنەوەی کەرستەکانی ئەرتەشی ڕووسیە بۆ چەند پایەگایەک لە باکووری سووریەو دەسپێکی هێرشی هەوایی لەم وڵاتە بەدژی دژبەران، هێزە ئامادەکانی سپای پاسداران خۆیان بۆ پەلاماری نوێ بۆسەر دژبەرانی ئەسەد تەیار دەکەن.

لە درێژەی ڕاپۆرتی ئەم سایتەدا هاتووە کە ٣ گوردان لە هێزەکانی یەگانی سابیرینی سپا لە ژێر فەرماندەیی کەسێک بە ناوی "سەید مورتەزا میریان" وێڕای ١٥٠٠ ئەندامی تایبەتی حیزبوڵڵای لوبنان لە ماوەی ٣ ڕۆژی ڕابردوودا چوونەتە نێو دەمێشق،و چاوەڕێی ڕاگەیەندرانی فەرمانی دەسپێکی عەمەلیاتن.

هەر بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، تاوتوێ کردنی عەمەلیاتی وشکانیی هێزەکانی سووریە بە هاوڕێیەتیی ڕووسیە لە باکووری سووریە دەریدەخا کە ئەولەقیەتەکانی تاران دەمێشق هاوشێوەی ئەولەڤییەتەکانی ڕووسیەیەو، لە ئێستادا خەریکی جێبەجێ کردنی یارمەتی و ئامادەییە مەیدانی ـ لۆجێستیکییەکان بۆ دەسپێکی گەورەترین عەمەلیاتی نیزامین، لەم عەمەلیاتەدا حیزبوڵڵای لوبنان‌و ئەرتەشی سووریە بەشدار دەبن.

ئامانج لە قۆناغی یەکەمی ئەم عەمەلیاتە، ئەستاندنەوەی ناوچەی "سەهل ئەلغاب"ە کە لە نزیک "حەما" تا دەوروبەری ئەدلەب درێژەی هەیە. هەروەها ئەستاندنەوەی شارەکانی "جەسرئەلشوغور"، "اریحا" و دەوروبەری ئەم دوو شارە، لە دەستووری کاری هێزەکانی سووریە، ئێران و لوبنان دایە.

## سەردانی بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی کومیتەی سوئیسی حدک لە پارلمانی ئەو وڵاتە



بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی کومیتەی سویسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە مەبەستی تاوتوێی بارودۆخی پەنابەران‌و پێدانی زانیاری لەسەر ڕەوشی پەنابەران سەردانی پارڵمانی سوئیسی کرد.

ڕۆژی چوارشەممە، ١٦ی سپتەمبری ٢٠١٥ی زاینی لە کاتێکدا کە زۆربەی هەرە زۆری حیزب‌و پێکهاتەی پارلەمانی سویس لەسەر کێشەی پەنابەرو تێکەڵاوبوونی کلتوورەکان باس‌و لێدوانیان هەبوو، ئیسماعیل مستەفانژاد، بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی کومیتەی سویسی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەردانی پارڵمانی ئەو وڵاتەی کرد.

لەم سەردانەیان‌دا، بەرپرسی پێوەندییە بیانییەکانی کۆمیتەی حیزب لە سوئیس لەگەڵ چەند پەرلەمانتارو سەرۆک فراکسیۆن قسەی کردو لەسەر بە کێشەی کورد بە گشتی‌و ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و هەروەها پێشێلکارییەکانی مافی خەڵک بەهۆی ڕێژیمی ئێران ئاگاداری دانێ.

ئیسماعیل مستەفانژاد، بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی کومیتەی سویسی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەروەها لە سەر کێشەی تێرۆریزم‌و کێشەی پەنابەران لەگەڵ ئەو پارڵمانتارانە بیروورایان گۆڕیەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە هانس فێهێر لە حیزبی راستی سویس پشتگیریی تەواوی خۆی لە مافی کورد دەربڕی‌و ڕەخنەی لە حکومەتی تورکیەو ئەردوغان گرت لەسەر ئەو هێرشانەی بۆسەر گەلی کورد لەو وڵاتە و بۆ سەر کوند و ئاواییەکانی باشووری کوردستان دەستیان پێ کردووە. هانس هەروەها پێشنیاری حکومەتێکی فیدێراڵی هاوشێوەی ئیدارەی سویسی بۆ چارەسەری کێشەی کورد کردو لەو بڕوایە دا بوو کە تاکە ڕێگە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەو وڵاتانەی بە سەری‌دا دابەش کراون، تەنیا حکومەتێکی فیدرالی هاوشێوەی سوئیسە.

شایانی ئاماژەیە کە بەرپرسی پەیوەندییە بیانیەکانی حیزبی دێموکڕات هەر لەو پێوەندییەدا وڵامی چەند پرسیاری ڕۆژنامەنووسانی دایەوەو ڕۆژنامەی "بلیکی ئاڵمانی" بەشێک لە لێدوانەکەی لەگەڵ ناوبراودا بڵاوکردۆتەوە

## بەشداریی هەیئەتێکی حدک لە بەخاکسپاردنی تێکۆشەرێکی ڕێی ئازادی لە پێرلاشێز



هەیئەتێکی کۆمیتەی فەرانسەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ناشتنی دوکتور داریوش زەندد بەشداری کرد.

ڕۆژی شەممە ٤ی ڕەزبەر لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە چالاکانیی سیاسیی کوردو ئێرانی ڕێوڕەسمێک بۆ بەخاکسپاردن‌و ڕێزگرتن لە خەباتکارێکی دێرینی ڕێگای ئازادی‌و هاوکارو دڵسۆزێکی فیداکاری خەباتکارانی کورد، دوکتور داریوش زەند ناسراو بە دوکتور سەعید بەڕێوەچوو.

دوکتور سەعید یەکێک لە خەباتکارانی لۆڕ و لە ریزەکانی چریکی فیدایی‌دا بوو کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی‌و دوای دەسپێکردنی شەری کۆماری ئیسلامی لەدژی گەلی کورد وەک زۆربەی خەباتکارانی ئێرانی هاتە کوردستان‌و وەک پزیشکێکی خەباتکار لە نەخۆشخانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستی بە کاری دەرمانی‌و چارەسەری بریندارەکانی شەڕی دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کرد.

دوکتور سەعید لە ماوەی نزیک بە سێ ساڵ مانەوە لە کوردستان‌دا خزمەتێکی بەرچاوی بە خەباتکارانی کوردو بە تایبەت پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات کرد.

هەیئەتێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە کاک جەلیل گادانی، ئەندامی ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسی‌و مەسعوود ڕەواندوست، جێگری کۆمیتەی ناوەندی بەشداری ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن‌و ڕێزگرتن لەو خەباتکارە بوون.

لەو ڕێوڕەسمەدا کاک جەلیل گادانی بە پێشکەشکردنی پەیامێک لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە وێڕای دەربڕینی هاوخەمیی خۆی لەگەڵ بنەماڵەو خەباتکارانی ڕێگای ئازادی، ڕێزی لە فیداکاری‌و خزمەتەکانی ناوبراو گرت و هیوای وەدیهاتنی ئاواتەکانی ئەو و هەموو ڕێبوارانی راستەقینەی ڕێگای ئازادیی خواست.

درێژەی

## دیاربوونی هێزی پێشمەرگە، هۆکارێک بۆ گەشانەوەی بزووتنەوەیی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی خەڵک

تەنانەت تاقمەکانی زەربەت و هێزە چەکدارەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی، نەیان دەوێرا بە ڕاحەتی خۆ لە قەرەی هێزی پێشمەرگە بدەن. لە ترسی بەرەوڕووبوون لە گەڵ هێزی پێشمەرگە، یا ڕوویان لە زۆر گوند و ناوچە نەدەکرد، یا ئەگەر دەچوونە گوند و هەوارگە و شوێنێکیش، بە پەلە تێپەڕ دەبوون و ئەوەندە فریا نەدەکەوتن بکەونە ڕاورووت و ئەزیەت و ئازاری خەڵک. لە شەڕی ٣مانگەی ساڵی ١٣٥٨ەوە هەتا نێوەراستەکانی دەیەی حەفتای هەتاوی، بۆ ماوەی نزیک ٢٠ ساڵ هێزی پێشمەرگە، لەمپەرێک بوو لە بەرامبەر لەشکرکێشی وداپڵۆسین و کوشتوبڕ و ڕاوڕووتی هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەدەبیاتی زارەکی و قسە و باسی ڕۆژانەی خەڵک، ئاوێتەی شەڕ و بەرەنگاریی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە بوو.

هەرێمی کوردستان بە شوێن ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی١٩٩١ لە ژێر دەسەلاتی ڕێژیمی بەعس هاتە دەر و بوو بە خاوەنی حکوومەت و پارلمانی خۆی. ئەم هەرێمە ئەگەر لە لایەکەوە جۆرێک پشتیوانیی سیاسی و ئینسانیی وڵاتانی ڕۆژاوای هەبوو، لە لایەکی دیکەوە بەردەوام لە گەڵ دژایەتیی سێ قۆڵێی وڵاتانی ئێران، تورکیە و سوریە بەرەوڕوو بوو. ئەمەش لە هەلومەرجێک دابوو کە دەوڵەتی عێراق گەمارۆییەکی ئابووریی توندی خستبووە سەر هەرێمی کوردستان. پێویستیی هەرێمی کوردستان بە پێوەندیی ئابووری و بازرگانی لە گەڵ وڵاتی ئێران، هەر وەها پێویستیی ئەو هەرێمە بە جۆرێک سەقامگیری و پێوەندیی سیاسیی دوور لە گرژی و هاڵۆزی لە گەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بۆ مانەوە و جێگیربوونی ئەزموونی ساوای هەرێم، وەکوو زەروورەتێک بەرجەستە ببۆوە. حیزبی دیموکرات، لە لایەن حکوومەت و هێزە سیاسییەکان و خەڵکی هەرێمەوە، بەرەوڕووی چاوەڕوانییەکی قورس و گران ببۆوە. ئەو چاوەڕوانییە ئەوە بوو کە لە پێناوی مانەوە و جێگیربوونی ئەو هەرێمە، حیزبی دیموکرات، چالاکیی پێشمەرگانەی خۆی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوەستێنێ . حیزبی دیموکرات بۆ ماوەی چەند ساڵێک ڕەچاوی بارودۆخی سنوورە هاوبەشەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کرد و هێزەکانی پێشمەرگەی ئەو حیزبە لە شەڕ و تێکهەڵچوون لە گەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە سنوورەکان خۆیان پاراست. بەڵام بەو هۆیەوە کە کۆماری ئیسلامی شەڕێ خۆی دژ بە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی حیزبی دیموکرات، لە قالبی کردەوە و بەرنامەی تیرۆریستی دا هێنابووە نێو خاکی هەرێم، هێزەکانی حیزبی دیموکراتیش لە قووڵایی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات دا، لە سەر تێکۆشان و چالاکیی خۆیان و دەستوەشاندن لە هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بوون.

هەرێمی کوردستان لە ئاکامی ململانێ و شەڕێ نێوخۆیی هێزە سەرەکییەکانی دا، بووە مەیدانی تەراتێنی دەوڵەتانی دراوسێ. وای لێ هات کۆماری ئیسلامی هەر بە تیرۆری تێکۆشەرانی ڕۆژهەلاتی بە هۆی دەستو پێوەندەکانی خۆی لەم هەرێمە، نەوەستێ و بە لەشکر و ستوونی نیزامیی هەزاران کەسییەوە هێرش بێنێتە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دیموکرات لە قووڵایی خاکی هەرێم دا.

بارودۆخی تایبەتیی هەرێمی کوردستان لە لایەک و پێکهاتنی هەلومەرجێکی سیاسیی تا ڕادەیەک نوێ لە نێوخۆی ئێران، هاندەری حیزبی دیموکرات بوون بۆ ئەوەی لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوییەوە، چالاکیی هێزەکانی پێشمەرگە بە شێوەی ساڵانی ڕابردوو لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات دا ڕابگرێ. ئەم بڕیارە ئەگەر لە سوود و بەرژەوەندی هەرێمی کوردستانیش دا بووبێ ، بە دڵنیاییەوە لە بەرژەوەندی درێژخایەنی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی سۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا نەبوو. کاریگەریی درێژخایەنی ئەم بڕیارە، دەرهاتنی بەرەبەرەی هێزەکانی پێشمەرگە لە حاڵەتی ڕەزمی و کەمبوونەوەی ئامادەیی بۆ هەڵسووران و چالاکیی پێشمەرگانە بوو. بەڵام کاریگەریی نەرێنی و خراپتری ئەم بڕیارە، ڕووی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. بە دیارنەمان و غایب بوونی هێزی پێشمەرگە لە گۆڕەپانی نێوخۆی ڕۆژهەڵات دا، کۆماری ئیسلامی هەلێکی زێڕینی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە وپیلانەکانی بەرامبەر بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست کەوت. سوپای پاسداران و ئیتلاعات کەوتنە خۆ بۆ ئەوەی بە گوشار و بە تەماح وەبەرنان، زۆرترین دەست و پێوەند بۆ خۆیان پەیدا بکەن. بە ڕاوەدوونان و بەندکردن لایەنگرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە خەباتکارەکان وئێعدام یا کوشتنیان لە ژێر ئەشکەنجەی جیسمی و رووحی، کەشوهەوایەکی بە تەواوی ئەمنیەتی و خنکێنەریان لە کوردستان زاڵ کرد. بە ئاسوودەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردە بازاڕ و تاقیگەی مادده سڕکەرەکان و مەیدانی تەراتێن و جێبەجێکردنی نەخشە و پیلانی دژی گەلیی خۆیان.

حیزبی دیموکرات،وەک هێزێکی سیاسیی خاوەن ڕابڕوو و وەک ئەکتەرێکی حاشالێنەکراوی گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵات، سەرەڕای دیارنەبوونی هێزەکانی پێشمەرگەشی، لە بیروباوەڕ و قەزاوەت و بڕیاری سیاسیی خەڵکی ڕۆژهەڵات دا، هەر مایەوە. لە گەڵ ئەوەش چالاکیی پێشمەرگە گەیشتبووە لانیکەمی خۆی، بەڵام بزووتنەوەیەکی بەرینی ڕۆشنبیری کە بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازیی ئێرانیش دەرفەتێکی بۆ هەناسەدان بۆ پێک هێنابوو،لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەری هەلدا و گەشەی کرد. ئەم بزووتنەوەیە و تێکۆشەرانی نیو بزووتنەکە، ئامانجی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەیان هەبوو، دەیانەویست لەوەندە دەرفەتە تەسکە کە ڕەخسابوو، زۆرترین سوود وەربگرن. لە ژێر کاریگەریی گەشە و بەرەوپێشچوونی پرسی کورد لە ناوچەکە وهەر وەها لە سەر بەستێنی باودۆخی سیاسیی ئەو کاتی ئێران، نوێنەرانی کورد لە مەجلیس لەو قۆناغە دا،بە ڕەنگ و دەنگێکی تا ڕادیەک نەتەوەیی و لە چوارچێوەی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی ئێران هاتنە مەیدان. حیزبی دیموکرات هاندەر و پشتیوانی ئەم جۆرە حەرەکەتە سیاسیانە بوو. کۆنەپارێزانی نێو دەسەڵات سەرئەنجام کرانەوەی ڕێژەیی سەردەمی خاتەمی و مەجلیسی شەشەمیان تەحەممول نەکرد و جارێکی دیکە ئەم ناوەندانەی دەسەڵات و قانووندانیان خستەوە دەست خۆیان. بەم جۆرە جارێکی دیکە دەرفەت و مەیدان بۆ خەبات و تێکۆشانی مەدەنی لە خەڵک وەرگیرایەوە. لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەم کەمترین دەرفەت بۆ تێکۆشانی مەدەنی لە خەڵک وەرگیرایەوە، هەم چالاکی و تێکۆشانی هیزی پێشمەرگە لە نیو خەڵک و لە سەر خاکی ڕۆژهەڵات، هەر وا غایب بوو.

حیزبی دیموکراتی کوردستان،لەم ساڵانەی دوایی دا بە ئاگاداری لە خەسارەکانی دیارنەبوونی درێژخایەنی هێزی پێشمەرگە لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، قۆڵی لە زیندووکردنەوەی نەریتی شۆڕشگێڕانەی حوزووری هێزی پێشمەرگە لە نیو خەڵک هەڵماڵی. جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە گرنگە ئەگەر چی لە سەرەتاوە زۆر سەخت دژوار دەهاتە بەرچاو، بەڵام بە هیممەت و ئیرادەی شۆڕشگێڕانە و بڕوای پتەوی فەرماندەران و پێشمەرگە قارەمانەکانی، هەر وەها بە پێشوازی، هاندان و هاوکاریی گەرمی خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تێکۆشەرانی دیموکرات، ئەم بڕیارەی خستە واری جێبەجێکردنەوە. جار بە جار و ساڵ بە ساڵیش هەم ڕووبەری ئەو ناوچانەی خانەخوێی پێشمەرگەی دیموکرات بوون، زیادی کردوە، هەم ژمارەی تیمەکان و بەشدارانی ئەم حەرەکەتە پیرۆز و شۆڕشگێڕانەیە، زیاتر بووە. تێکۆشان و چالاکیی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دیدارنوێکردنەوەیان لە گەڵ خەڵکی تامەزرۆ و تینووی دیداری پێشمەرگە، تروسکەی هیوای لە نیو ئەوخەڵکە دا زیندوو کردوەتەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئەرکی خۆی دەزانێ ئەم تروسکاییە بە هێز بکا. چونکە پێی وایە یەک لە پێویستییە سەرەکییەکانی گەشانەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئامادەبوونی هیزی پێشمەرگە لە سەرخاکی ڕۆژهەڵات و لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە.

کوردستان
ژمارە: ٦٦٥
١٨ی ڕەزبەری ١٣٩٤ _ ١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥



# هەڵوێستەیەک لە سەر قسەکانی روحانی لە کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکاندا

عومەر باڵەکی

ئاغای رۆحانی رۆژی دووشەممە «٦ی ڕەزبەر» لە کۆبوونەوەی کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەشداری کرد و لە کاتی نۆبەی وتاردانیدا لەسەر پەیوەندی ئێران و جیهان بۆ بەشداربوان قسەی کرد و لە قسەکانیدا ئیشارەی بەوە کرد کە خەڵکی ئێران دوو ساڵ لەوەپێش لە کاری هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا دەنگیان دا بە شوعاری «تعامل سازنده با جهان» کە هەر ئەوە بوو بە هۆی پشتگیری لە وتوێژەکانی ئەتومی ئێران لە گەڵ زلهێزەکانی جیهان. بەڵام ئاغای رۆحانی خۆی لەو راستیە بوارد کە ئەوە پاڵنەرە دەرەکییەکان، بە تایبەتی ئابلۆقەی ئابووری بوو دەسەڵاتدارانی هێنا سەر میزی وتوویژ، نەک داواو ویستی خەڵکی ئێران .گەلانی ئێران بێجگە لە فشارە دەرەکییەکان کە ژیانی پێ تاڵ کردبوون بە دەستنەبوونی ئازادی و پەرەگرتنی هەژاری و بێکاری و دەیان دیاردەی نالەباری کۆمەڵایەتی کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی خوڵقاندوویانە دەناڵێنن.

ئاغای روحانی و دەوڵەتەکەشی کە بەشوعاری «تدبیر و امید» هاتە مەیدان و نەیتوانیوە بەشێکێ بچووکیش لە داواکاریەکانی خەڵکی ئێران بێنێتە دی و بە پێچەوانەوە رەوتی گرتن و ئەشکەنجە و ئیعدام لە سەردەمی روحانیدا پەرەی ئەستاندووە.

لە قسەکانی روحانیدا ئەوە زیاتر دەبێ هەڵوێستەی لەسەر بکرێ ئەو بەشەیە کە باس لە ئامادەیی کۆماری ئیسلامی دەکا بۆ بەربەرەکانی تیرۆریزم لە ناوچەکەدا و هۆکاری شەڕ و کوشتار و پەرەگرتنی تیرۆریزم لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئەفریقا، بە دەستتێوەردانی نیزامی وڵاتە زلهێزەکان دەزانێ کەلە ساڵانی پێشوودا لەو ناوچانەدا کردوویانە و ئامادەیی ئیرانی دەربڕی کە چۆن بۆ چارەسەری کێشەکانی عێراق و ئەفغانستان یارمەتیدەردەبێ بۆ جێگیرکردنی ئەمنیەت وئاسایش، هەر بەوشێوەیەش لە سووریە و یەمەن بۆ دابین کردنی ئەمنیەت و ئاسایش وبنبڕکردنی تیروریزم هاوکار دەبن.

ئەو قسانەی روحانی لە کاتێک دایە کە کۆماری ئیسلامی لە روانگەی خەڵکی ناوچە و جیهانەوە تاوانبارە بە دەستتێوەردان لە کار و باری ناوخۆی ئەو وڵاتانە «سوریە و یەمەن و عێراق» و هەرلە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی لە ژێر شوعاری هەناردەکردنی شۆڕش ئەو دەستتیوەردانە لە کار و باری وڵاتانی ناوچەکەدا دەستی پێکردوە لە یارمەتی دان وپەروەردە کردنی تاقم و گرووپی تیرۆریستی دەستی نەپاراستووە و هەموو کاتێک بە دوو مەبەست خوڵقێنەری قەیران بووە لە ناوچەکەدا، یەکەم بۆئەوەی تواناو دەسەڵاتی خۆی وەک رێبەری شیعەکانی دنیای ئیسلام بە تایبەتی و هەموو جیهانی ئیسلام بە گشتی لە ناوچەکەدا بسەلمێنێ و لە رێگای دروست کردنی قەیران و کێشە لە ناوچەکە زۆر جاران توانیویەتی لە ململانێیە جیهانیەکاندا ئیمتیاز لە دەوڵەتە زلهیزەکان وەربگرێ و زۆر کاری تیرۆریستی خۆی کە بە دژی ئۆپۆزسیون ئەنجامی داوە لەو ریگایەوە پەردەپۆشی بکا. دووهەم بە خوڵقاندنی ئەو قەیرانانە هەموو کات هەوڵی داوە کێشە ناوخۆیەکان بچووک نیشان بدا و بە شوعاری ئەوە کە «امت اسلام» لە لایەن دنیای رۆژئاوا و خۆفرۆشەکانی ناوچە لە مەترسیدایە خۆی لە چارەسەری قەیرانە ناوخۆیەکان بواردووە.

ئەگەر چاو بە پێناسەی تیروریزمدا بخشێنین دەبینین بەکورتی بەوشێوە باسی دەکا «دەوڵەت یا رێکخراوێک کە باوەری بە ڕەشەکوژی و ترساندن و تۆقاندن لە نێو خەڵک دا هەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی یا گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی یا پاراستنی دەسەلاتی سیاسی کردارەکەی دەبیتە تیرۆر.» لەو نێوەدا مێژووی کۆماری ئیسلامی ئەوەمان پێ دەڵێ کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ داسەپاندنی خۆیان و مانەوەیان لە سەر دەسەڵات لە تیرۆری جیابیرانی خۆیان وەک ئامراز کەڵکیان وەرگرتووە و لە راستی دا دەتوانین بڵێین؛ لە پەرە گرتنی تیرۆریزم ناوخۆی و دەوڵەتیدا دەستی باڵای هەبووە، و تەنانەت لە چەندین دادگای ئەو وڵاتانەی کە تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی کرداری تیروریستیان تێدا ئەنجام داوە کاربەدەستانی بەرزی کۆماری ئیسلامی وەک تاوانبار دەست نیشان کراون بۆ وینە دادگای میکۆنۆس. بەڵام هەر وەکی پێشتر باسمان کرد کۆماری ئیسلامی لە رێگای خوڵقاندنی قەیران و کەڵک وەرگرتن لە کێبەرکێ ئابووری وڵاتەکان توانیویەتی کردارە تیرۆریستیەکانی خۆی پەردەپۆش بکا.

پێویستە وەبیر ئاغای روحانی بێنینەوە کۆماری ئیسلامی کاتێک دەتوانێ یارمەتی دەربێت بۆ بنبڕ کردنی تیروریزم لە ناوچەکەدا کە پێش هەموو شتێک باوەڕی بە مافی خەڵک لە ناوخۆی وڵاتدا هەبێ و لە سیستەمی دەسەڵاتداریەتی خۆیدا جێگایەک بۆ بیروڕای گەلانی ئێران بکاتەوە و لە ستراتیژی هەناردە کردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکان دەست هەڵگرێ. چونکە ئەوە سەلمێندراوە ئەو دەوڵەتانەی لە تیرۆر و ڕەشەکوژی و توندوتیژی دژی خەڵکی خۆیان بۆ داسەپاندنی دەسەڵات و حکوومەت کەڵک وەردەگرن نیشانەی ئەوەی کە مەشروعییەتیان نییە. ئەگەر شەرعیەتیان هەبوایە و اتە جێگای پەسەندی خەڵک بان بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکانی ناوخۆیان بە جێگای پەنا بردن بۆ تیرۆر و ڕەشەکوژی، پەنایان بۆ قانوون دەبرد و هەوڵیان دەدا یاسا لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا بێ نەک لە خزمەت تاقمێکی بچووک و تایبەت.

لە کۆتاییدا پێویستە ئیشارەی دووبار بەوە بکەمەوە کە کۆماری ئیسلامی و ئاغای ڕوحانی ناتوانن یارمەتیدەر بن بۆ کۆتایی هێنان بە تیرۆریزم لە ناوچەکەدا مەگەر شێوە بیرکردنەوە و ستراتیژی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئیدارە ناخۆی ئێران و هەڵکردن لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ ئاڵوگۆڕی بە سەردابێ کە ئەوەش لە ناخ و ناوەڕۆکی کۆماری ئیسلامیدا نییە، بەڵام بە دڵنیایەوە سیاسەتی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێراندا تووشی شکان دەبێ چونکە ئەگەر تیرۆریزم لە قۆناغێکدا سەرکەوتنیش بە دەست بهێنێ لە درێژخایەندا هەر تووشی شکان و تێدا چوون دەبێ..



کۆماری ئیسلامی لە روانگەی خەڵکی ناوچە و جیهانەوە تاوانبارە بە دەستتێوەردان لە کار و باری ناوخۆی ئەو وڵاتانە «سوریە و یەمەن و عێراق» و هەرلە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی لە ژێر شوعاری هەناردەکردنی شۆڕش ئەو دەستتێوەردانە لە کار و باری وڵاتانی ناوچەکەدا دەستی پێکردوە لە یارمەتی دان وپەروەردە کردنی تاقم و گرووپی تیرۆریستی دەستی نەپاراستووە و هەموو کاتێک بە دوو مەبەست خوڵقێنەری قەیران بووە لە ناوچەکەدا

پێویستە وەبیر ئاغای روحانی بێنینەوە کۆماری ئیسلامی کاتێک دەتوانێ یارمەتی دەربێت بۆ بنبڕ کردنی تیروریزم لە ناوچەکەدا کە پێش هەموو شتێک باوەڕی بە مافی خەڵک لە ناوخۆی وڵاتدا هەبێ و لە سیستەمی دەسەڵاتداریەتی خۆیدا جێگایەک بۆ بیروڕای گەلانی ئێران بکاتەوە و لە ستراتیژی هەناردە کردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکان دەست هەڵگرێ.

# بیری دیموکراسی لە نێوان ململانێی ئێران و عەرەبستاندا



مستەفا مەعروفی

کوژرانی 465 حاجیی ئێرانی لە ڕێورەسمی حەجدا لە ڕۆژی 2ی خەزەڵوەر(25ی سێپتامبر) دا لاپەڕێکی دیکەی خستە سەر مێژووی پڕ لە ململانێی نێوان ناوەندی دەسەڵاتی شیعە (ئێران) و ناوەندی دەسەڵاتی سوننی (عەرەبستان) لە ناوچەدا. ئەم ململانێیە کە لە هاوکێشە سیاسی و تەنانەت نیزامییەکانی ناوچەدا بە ڕوونی دیارە بە کوشتاری 275 حاجیی ئێرانی لە هاوینی 1366دا پێی نایە قۆناغێکی مەترسیدارەوە. بەرەوڕووبوونەوەی ئەم دوو وڵاتە ئێستا لە هەر کات زیاتر خەبات بۆ دێموکراسی و پێشکەوتن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕستیدا خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و ناوچەی بەرەو دەمارگرژیی مەزهەبی و مەترسییە چاوەڕوانکراوەکانی بردوە.

عەلیی خامەنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە دژکردوە بە ڕووداوی 2ی خەزەڵوەردا بە توندی هێرشی کردە سەر حکوومەتی ئالی سەعوودی و و تەنانەت هەڕەشەی شەڕی لەو وڵاتە کرد. فەرماندەی سوپای پاسدارانیش پێشتر ئامادەیی هێزە چەکدارەکانی ئێرانی بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە ڕاگەیاندبوو.

ڕێبەرانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی سەڵاحییەت و لیاقەتی حکوومەتی سەعوودییان بە توندی برۆتە ژێر پرسیار و خوازیاری ئەوەن کە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی حەج بدرێتە دەست شوورایەک یان ناوەندێک پێکهاتوو لە وڵاتانی ئیسلامی. ئێران لە کاتێکدا بابەتێکی وا دێنێتە گۆڕێ لە بە میلیۆن سوننیی نیشتەجێی تاران مافی دانانی مزگەوتێکی سوننیان نیە و سەرەڕای بوونی دەیان میلیۆن سوننی لە ئێراندا سوننی لە ئاستی سەرەوەی دەسەڵاتدا بەشدار نیە و تەنانەت لە ئاستی مامناوەندییشدا حزوورێکی ئەوتۆی نیە. ناوچە سوننی نشینەکان لە ناوچە هەرە دواخراوو پشتگوێ خراوەکانن.

ڕووداوی حەج و دەستێوەردانی ئەم دوو وڵاتە لە شەڕی نێوخۆی یەمەن، سووریە و کێشە نێوخۆییەکانی بەحرەین، پاکستان و ئەفغانستان، کێشەی سنووریی ئێران و ئیمارات و دەستێوردانی عەرەبستان، بە کردەوە ئەم دوو وڵاتەی لەبەرامبەر یەکتردا ڕاگرتوە. ئەم دوو وڵاتە لە ناوچەدا یان لە ململانێی سیاسی دان یان لەو جێگایانەدا کە شەڕە لە ڕووی نیزامییەوە لەگەڵ یەکێک لە لایەنەکانی شەڕن. ئێران و عەرەبستان لە وڵاتی یەمەن بە کردەوە لە شەڕ دان.

هاوکێشە سیاسییەکان بەم جۆرەیە کە؛ ئێران توانا ئابووری و نیزامییەکانی خۆی بۆ یارمەتیدان و بەهێزکردنی هێز و دەسەڵاتە شیعییەکان و عەربستانیش ئەو توانا ئابووری و نیزامییانە بۆ هێز و دەسەڵاتە سوننییەکان بە کار دێنن.

لە مێژوودا زۆر شەڕی گەورەو خوێنایی مەزهەبی لە ناوچە دا ڕوویان داوە. لووتکەی ئەم شەڕانە شەڕی نێوان ئیمپراتۆریی سەفەوی و عوسمانی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بووە، کە ڕەنگە لە گرنگترین هۆکاری داواکەوتوویی و وێرانی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بووبێ، کە ئێستاش هەروا ماوەتەوە ـ ئەم شەڕە ئێستا لە شێوەی (ئێران ـ عەرەبستان)دا خۆی دەنوێنێ.

مەترسیی ئەم ململانێیە کاتێک زیاتر دەردەکەوێ کە بزانین پێکهاتەی حەشیمەت یان پێڕەوانی ئەم دوو مەزهەبە لە ناوچەدا زۆر چڕو پڕ و تێکئاڵاوە. کارەساتی تەقینەوەکان لە عێراق و لە پاکستان، کوشتاری بێ بەزەییانە لەم دوو وڵاتە، تەنانەت سەرهەڵدانی داعەش مەترسییەکەی لە هەر کات زیاتر کردوە. لە ڕاستیدا شەڕی مەزهەبی لە ترسناکترین و بێ بەزەییانەترین جۆرەکانی شەڕن کە ئێستا ئەم دوو وڵاتە پەرەی پێ دەدەن.

لە کاتێدا کە ئێران و عەرەبستان خەریکی کێشە و ململانێن لە ناوچەدا، لە جیاتی ئەوەی وزەو توانای خۆیان لە بەرەوپێشبردنی وڵات و ڕیفۆرم و ڕێگاوبان و بردنەسەری ئاستی ژیانی خەڵکدا بەکار بێنن لە شەڕ و توانای نیزامی و یارمەتیدانی تاقم و گرووپە چەکدار ـ دیارە تیرۆریستییەکان ـ دا بە فیڕۆ دەدەن.

لە دۆخێکی وا دا گیانی مەدەنی و بیرکردنەوە لە ژیانێکی هێمن و ئارام جێگای خۆی دەدا بە بیری توندڕەوانە و قووڵبوونەوەی دەمارگرژیی ئاینی و پەرەگرتنی گرووپ و هێزە مەزهەبییەکان.

بە قووڵبوونەوەی کێشەی ئێران و عەرەبستان کە هەڵگری دوو ئیدئۆلۆژیی جیاوازی مەزهەبین، دەسەڵات لە هەردوو وڵات چڕتر و بەهێزتر دەبنەوە و مەسەلە نێوخۆییەکانی هەردوولا لە لایەن دەسەڵاتەکانیانەوە بە بیانووی دوژمنی دەرەکییەوە پشتگوێ دەخرێن و بزووتنەوە مەدەنی و ئازادیخوازەکان نەک هەر گوێیان پێ نادرێ بەڵکوو سەرکوت دەکرێن. لە دۆخێکی وادا بیری دیموکراسیخوازی جێگای خۆی دەدا بە بیری توندڕەوانەی مەزهەبی و بزوونەوەی دێموکراسیخوازانە و هێزە دێموکراتەکان جگە لەوەی کە لە ژێر سەرکوتی بەردەوام دان، زەمینەی گەشەکردن و بەهێزبوونیان زۆر بەرتەسک دەبێتەوە.

ئەوەی لە بارەی کوردستانەوە دەبێ بگوترێ: بە قووڵبوونەوەی کێشەی نێوان ئێران و عەرەبستان کە لە ڕاستیدا کێشەی دوو بەرەی جیاوازی مەزهەبین،ئەم کێشەیە تەنانەت کار دەکاتە سەر ئەو نەتەوە و ناوچانەی کە هیچ بەرژەوەندییەکیان لەو کێشەیەدا نیە. نەتەوەی کورد نموونەی هەر بەرچاوە لەم بارەیەوە؛ لە شەڕە مەزهەبییەکاندا جگە لەوەی کە کوردستان بۆتە شەڕگەی ئەم دوو لایەنە، بەڵکوو بە هۆی هەستی ئایینی بەشێک لە هێزو وزەی کورد لە خزمەتی لایەنێک بە تایبەتی لایەنی سوونی دابووە. لە ئاکامدا کوردستان وێران بووە و کورد خوێنێکی زۆری داوە، بەڵام کورد هیچ کات لە دەسکەوتەکاندا بەشدار نەبووە، ئینجا پاش هەر شەڕێک لایەنی سەرکەوتوو لە جیاتی پاداش، تەنیا سەبارەت بە کوردبوون کوردستان وێران و کوردی قەڵاچۆ کردوە.

سەبارەت بەوەی کورد لە ئێراندا لە پێڕەوانی هەردوو مەزهەب پێک هاتوە، و سەبارەت بەوەش کە حکوومەتی ئێران دژایەتیی لەگەڵ هەردوو گوتاری نەتەوەیی و سوننیدا هەیە، ئەو مەسەلەیە هەڕەشە لە یەکەتیی نەتەوەیی کورد دەکا. ئەمەش دەبێتە هەڕەشە بۆسەر بیری نەتەوەیی و بزووتنەوەی دیموکرسیخوازیی کورد کە لە ڕاستیدا زیندووترین بزووتنەوە و پتەترین سەنگەری دیموکراسی لە ئێراندا بووە. ئەگەر دوژمنایەتی و ململانێی ئەم دوو وڵاتە زیاتر پەرە بگرێ و بگاتە قۆناغی شەڕی ڕاستەوخۆ، لەوانەیە ببێتە هۆی سەرهەڵدان و بەهێز بوونی ئەو گرووپە ئیسلامییانەی کە بیری دێموکراسی و نەتەوەیی بە نیشانەیەک لە کوفر دەزانن.

on www.bloomberg.come




# بە بیانووی سەرهەڵدانەوەی شەڕی قەرەباخ



ئازاد کەریمی

لەم دواییانەدا مەترسی زل بوونەوەی کێشەی کۆماری ئازربایجان و کۆماری ئەرمەنستان و دەستپێکردنەوەی شەڕی دووبارەی ئەم دوو وڵاتە لە سەر هەرێمی قەرەباغی سەروو لە ڕاگەیاندنە گشتیەکانی جیهاندا لەقاو درایەوە... قەرەباغ ناوچەیەکی گەمارۆدراوە لە قەفقازی باشوورو لە ڕۆژئاوای وڵاتی ئازربایجاندا هەڵکەوتووە. بە گوێرەی سەرژمێرییەکانی ساڵی ٢٠٠٦ ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناوچە خودموختارە ١٣٨٠٠٠٠ کەس بووە (https://ckb.wikipedia.org .)

شەڕی قەرەباغ لە ناوەڕاستی زستانی ١٩٨٨ی زایینیەوە هەتا ئاداری ١٩٩٤لە نێوان خەڵکی ئەرمەنی وتورکە ئازەریەکانی ئەم هەرێمە درێژەی هەبوو.کاتێ شەڕ کەوتە قۆناغی مەترسیدارەوە دەوڵەتە خودموختارەکانی ئەو کاتەی ئازربایجان و ئەرمەنستان کە لە ژێر ڕکێفی کۆماری سۆسیالیستی سۆڤیەت دا بوون دەستیان وەردایە ئەم شەڕەوە وهەر دوولا کۆششێکی بەرفراوانیان بۆ پاکتاو کردنی لایەنی بەرانبەر لەم هەرێمەدا کرد.لە ئاکامدا پتر لە ٣٥هەزار کەس کوژران و زیاتر لە ٨٠٠ هەزار کەس لە ناوچە کێشە لەسەرەکانی هەرێمی قەرەباغ ئاوارە و کۆچبار کران.بۆ ئەوەی ئاشتی و ئارامی بگەڕێتەوە بۆ هەرێمەکە تێکۆشانێکی زۆر کرا و چەند ڕێگە چارە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشە نەتەوەیی یە پێشکەش بە هەر دوو لا کران بەڵام هیچیان ئاکامێکی دیار و دڵخۆشکەریان نەبوو و ڕەوشەکە لە باری نە جەنگ و نە ئاشتیدا ڕاگیرا.کێشەی قەرەباغ بوو بە هۆی دابڕانی پەیوەندیە دیپلۆماتیکەکانی ئازربایجان و تورکیا لەگەڵ ئەرمەنستان.بە هۆی داخرانی سنوورەکانەوە وهاتنە ئارای بار و دۆخێکی نوێوە ڕەوشی قەفقازی باشورگۆڕدرا.کاتێ ئێران،تورکیا ،ڕوسیا،ئەمریکا،فەرەنسا،ڕێکخرا وی"ئەمنیەت وهاوکاری ئەورووپا و "ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان" هاتنە ناو بابەتەکەوە بۆ ئەوەی ڕەوشەکە هێمن بکەنەوە دۆزی قەرەباغ بوو بە بابەتێکی نێودەوڵەتی .

دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەس لە ٢٤ی دێسامبری ١٩٩٤،ئەنجومەنی باڵای قەرەباغ لە هەڵبژاردنێکی ناوخۆیی ئەنجومەنەکەدا "ڕۆبێرت کوچاریان"ی وەک یەکەم سەرۆک کۆماری ئەم هەرێمە هەڵبژارد. دیارە بۆ دوو جاریش هەڵبژاردنی پارلەمانی لە ساڵەکانی ١٩٩١و ١٩٩٥دا لەم هەرێمە خودموختارەدا بەڕێوە چووە.

ڕاستیەکەی ئەوەیە هەم ئازربایجان و هەم ئەرمەنستان دوو وڵاتی فرە نەتەوەن بە پێچەوانەی ئەوەی کە باسی دەکەن وڵاتەکەیان تەنیا تورک یان ئەرمەنی تێدا دەژی. کارنامەی مافی مرۆڤی ئەم دوو وڵاتە درەوشاوە نیە بۆ وێنە کۆماری ئازربایجان لە گەڵ نەتەوەی "تات" کە گەلێکی قەدیمی و مێژوویین و لە باکوری ئەم وڵاتەدا دەژین گیر و گرفتی زۆرە و وای لێهات گەمارۆی خستە سەر هەرێمی تاتەکان و خەریک بوو لەوێ دەست بکات بە پاکتاو کردنی نەتەوەیی، بەڵام هەڕەشەی ئیسراییل لە ئازەربایجان بە هۆی ئەوەی تاتەکان جوولەکەن، دەستی کۆماری ئازربایجانی سارد کردەوە لە هەر جۆرە توند و تیژی یەک دژ بە تاتەکان. کۆماری ئازربایجان لە گەڵ کورد و ئەرمەنەکان باش نیە و لووتکەی ئەم دژایەتی کردنە لە گەڵ کوردەکان تێکدان و ڕوخاندنی کۆماری "لاچین" لە ساڵی ١٩٢٧دا و دەست وەردان لە کار و باری هەرێمی خودموختاری قەرەباغ بوو کە شەڕی ماڵوێرانکەری شەش ساڵەی لەم هەرێمەدا لێکەوتەوە.

هەروەها ئەرمەنستان لایەنی دووهەمی ئەم ماجەرایە سەرەڕای تێکەڵاوی مێژوویی کورد و ئەرمەنی لە دوای سەربەخۆیی ئەم وڵاتە لە ١٩٩١دا بە شێوازێکی سیستەماتیک دژایەتی لە گەڵ کوردەکان کرد و لووتکەی ئەم دژایەتی کردنە سڕینەوەی ناوی کورد لە فەرهەنگی ئەم وڵاتە و گۆڕینی ئێتنیسیتەی کوردانی ئەم وڵاتە لە کوردەوە بۆ ئێزیدی بوو!ئەوە لە کاتێکدایە ئێزیدی باوەڕمەند بوون بە ئایینێکی کوردی‌یە، بەڵام وشەی کورد باسی گەل و نەتەوە و ئێتنیسیتەی کۆمەڵێ خەڵک دەکا کە تایبەتمەندی زمان و کولتوری خۆیان هەیە.

بەهەرحاڵ ئەو ڕاستیە ناشاردرێتەوە هەستی نەتەوە پرستی و کرداری نەتەوەپەرستانە لەم دوو وڵاتەدا بە هێزە و هەر ئەوەش وای کردوە خەڵکێکی بەرچاوی هەرێمی قەفقاز، زێد و خاکی باوک و باپیرانی خۆیان بەجێ بهێڵن و ڕوو بکەنە وڵاتانی دیکە بەتایبەت ڕووسیا و بلاڕووس...

قەفقاز ناوچەیەکی هەرە کۆنی مێژووییە ... ڕێگەی هاتنی چەندین قەوم و میللەتی وەک ئاریانەکان ،هونەکان،خەزەرەکان،سکیتەکان، تورکەکان بووە...ئەوان بە درێژایی مێژووی ١٥٠٠ ساڵەی ڕابردوو سیمای ئێتنیکی و نەتەوەیی قەفقازیان گۆڕی. هێرۆدۆت مێژوونووسی یۆنانی قەدیم لە ٢١٠٠ساڵ پێش ئێستادا هاتوە و چاوی بەم ناوچە کەوتوە و لە کتێبەکەیدا باسی چەند نەتەوەی وەک ئالان،ئیبر، ئەرمەن دەکات و دەڵێ هۆزەکانیان لە ئارمێن لە پشت چیای ماد-ئینی واتە ئارارات یان ئاگری ئێستا پەڕەوازەن...

ئارمین و مادوین دوو پارێزگای ئیمپراتوری "ماد" بوون ...لەم دوو هەرێمەدا شارستانیەتە کەونارەکانی:ماننا ،ئۆرارتوو،خاڵ دی،گیلزان،مەتران(مێهران) و خوبوشک گەشەیان کردوە... کوردەکان بە پەنا بردن بۆ بەڵگەنامە مێژوویەکان ماد بە شاهەنشاهی کوردی دەزانن و هەموو جیهان ئەوەی قەبوڵ کردوە و هەر بۆیە پارێزگای ئەرمین(هەرێمی دەوروبەری گۆلاوی وانێ) و مادوین(لە ئاوی ئاراسەوە هەتا ئەسفەهان بە مادی گەورە و ئازربایجانی ئێران بە مادوینی بچوک دەزانن)...

مێژووی کورد دوور و درێژە و دەگاتەوە سەردەمی کاشی یەکان وا زیاتر لە ٧٠٠٠ساڵ پێش ئێستا لە قەفقاز و زاگرۆس دا ژیاون و باوکی نەتەوەی کورد و هەموو شارستانیەتەکانی کوردیین بە شاهەنشاهی مادەوە کە لە سەدەی پێنجی پێش زایینەوە دا لەناو چوو.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کورد بە هۆی نەبوونی دەوڵەتەوە لە سەدەی ١٩ و ٢٠دا نەهامەتی و ماڵوێرانی زۆری بە سەردا هات و کوشتار و ڕاگواستنی ئیجباری ڕەنگ و ڕووی ئێتنیکی کوردستانی گۆڕی....

بەداخەوە خەریکە زۆربەی کەلەپورە فەرهەنگیەکانی کورد لە قەفقازدا ناویان دەگۆڕدرێ یان نکۆڵی یان لێدەکرێ، هەم لەسەر دەستی ئەرمەنیەکان و هەم تورکانی ئازەری کە لە کوردی ڕۆژهەڵات و باکووردا بە "عەجەم" دەناسرێن.

لە قەفقاز مێژووی کورد درەوشاوەیە ... پاشایەتی ڕەوادی و هەروەها شەدادی زۆر بەناوبانگن،ئاسەواری مێژوویی لەم هەرێمەدا یادگاریەکانی شاهەنشاهە کوردەکانن...

هەرچەندە بێ دوژمنایەتی تورکانی ئازەری (عەجەم) و ئەرمەنەکان(هایک) و دۆستایەتیشیان! هیچ قازانجێکی بۆ کوردەکانی قەفقاز نەبووە، و سەبەبکاری کێشە و سەرێشە و گیر و گرفت بووە بۆ ژیانی ئاسایی دانیشتوانی کورد لە قەفقازی باشووری...

ئێستاش دیسانەوە خەریکە ئاگری شەڕێکی نوێ لە قەرەباغ دەکرێتەوە و بیر و باوەڕی ڕەگەزپەرستانەی ئازەریەکان و ئەرمەنەکان ڕێگە خۆش دەکات بۆ پاکتاو کردن و کوشتن و ماڵوێرانی لەو هەرێمەدا و دەربەدەری و ماڵبەکۆڵی بۆ کورد و تورک و ئەرمەنی و هەموو دانیشتوانی ناوچەکە... لەبیری ناکەین دەیان هۆزی کورد هەر ئێستاش لە قەفقاز دەژین وەک: جەلالی، میلانی، زیلانی، حەسەنانی، جەوادلو، سوڵتانلو،قەرەچۆلی...وا لە ئەچمیادزین،سەردار ئاباد،دارلا خیسک،ئیتقران،نەخچیوان،قەرەباغ ،ئەریوان و ئیمریتە و ئاقکەند دەژین و خەڵکێکی زۆر لە کوردەکان بە هۆی شەڕی تورک و ئەرمەنەوە قەرەباغیان چۆڵ کردوە و سیمای ئێتنیکی قەفقاز و قەرەباغ بەتایبەتی بەرەو گۆڕانێکی مەترسیدار پێش هەموو خەڵک بۆ کورد دەڕوات و لەوانەیە هەتا ٥٠ساڵی داهاتوو بەدەگمەن کوردێک لە قەفقاز ببینرێ!






# کارکردی خەبات بە دژی گەندەڵی لە نێو کۆماری ئیسلامی ئێران‌دا



ڕێبوار مەعروف‌زادە

بە قەولی جان دالبرگ (John Dolberg) "دەسەڵات مەیلی گەندەڵبوونی هەیە و دەسەڵاتی ڕەها مەیلی گەندەڵبوونی ڕەهای هەیە." دەسەڵات ئەگەر پێشی نەگیرێ مەیلی ئەوەی هەیە بەرەو گەندەڵی بڕوا. گەندەڵی فورمێکە لە نادادپەروەری کە لەودا ئەو هاووڵاتییانەی لە پێگەی دابینکەر و بەرهەمهینەر دان، هاووڵاتیانێک کە لە پێگەی بەرخۆر دان فریو دەدەن. کەوایە گەندەڵی دەکرێ لە پیشە و پێگەی جۆراوجۆردا بەدی بکرێ؛ کەسی گەندەڵ دەتوانێ ماموستا، دووکاندار، بەرهەمهێنەر، دادوەر و سیاسەتمەدار بێ. کەوایە هەرچەشنە پێوەندی‌یەکی ناتەندروست لە نێوان دابینکەر (فرۆشیار) و بەرخۆر (کڕیار) دەچێتە خانەی گەندەڵی. گەندەڵی دەتوانێ لە ئاستی بچووک دا بەدی بکرێ. بۆ نموونە کاتێک کارمەندێک لە کاتی ئیداری دا بەجێگەی ڕاپەراندنی کارەکەی سەرقالی فەیس بووک دەبێ. هەروها گەندەڵی دەکرێ ئاستی زۆر بەرفراوان بەخۆوە بگرێ. بۆ نموونە کاتێک یاسادانەرێک بەجێگەی ئەوەی یاسا لە بەرژەوەندی گشتی و خەڵک دا پەسەند بکا، بەرژەوەندی کۆمپانیا یا گرووپێک دەکاتە پێوەری کارەکەی. گەندەڵی وەک خراپ بەکارهێنانی پێگەی خزمەتگوزاری دەتوانێ لە بەش و پیشەی جۆراوجۆر دەربکەوێ بەڵام ئەوەی زۆرتر ناسراوە، گەندەڵی سیاسەتمەداران و بازرگانانە. لەو وتارەدا جەخت لەسەر ئەو بابەتە دەکرێتەوە کە گەندەڵی لە ئێران دا هەم لە ئاستی تاکەکەسی و هەم لە ئاستی سیستماتیک دا بە شێوەی بەرفراوان بوونی هەیە.

### گەندەڵی دەوڵەتی

گەندەڵی دەوڵەتیی لە ئێران لە ئاستێکی زۆر بەربڵاو دایە. لە دوای هاتنەسەر کاری دەوڵەتی ڕوحانی لە ساڵی ٢٠١٣، یاریدەدەرانی پایەبەرزی سەرۆک کۆماری پێشوو بە تاوانی گەندەڵی دادگایی کران و بە زیندان مەحکووم بوون. دادگای بەرزی ئێران لە ساڵی ٢٠١٥، جێگری یەکەمی سەرۆک کۆماری پێشوو واتە محەممەد ڕەزا ڕەحیمی بە ٥ ساڵ زیندان، جەریمەی ٣٠٠،٠٠٠ دۆلار و قەرەبووی ٨٠٠،٠٠٠ دۆلاری مەحکووم کرد. ڕەحیمی پایەبەرزترین بەرپرسی دەوڵەتی لە مێژووی کۆماری ئیسلامی دا بووە کە بە تاوانی گەندەڵی دادگایی و زیندانی کرابێ. لە حاڵێکدا ڕەحیمی بە هۆی وەرگرتنی ڕشوە و دانی ڕشوە بە پارلمانتاران خراوەتە زیندان کە ئەحمەدی نژاد لە سەردەمی سەرۆک کۆماری خۆی، دەوڵەتەکەی بە پاکترین دەوڵەت لە دوای شۆڕشی ئێران دەزانی. بەشێک لە پەروەندەکانی تایبەت بە گەندەڵی بەرپرسانی پایەبەرزی دەوڵەتی بە هۆی ململانێ و کێشەی نێوان باڵەکانی نێو ڕێژیم ئاشکرا کرا. لە فەوریەی ساڵی ٢٠١٣، ئەحمەدی نژاد ڤیدیۆیەکی لە پارلمانی ئێران نیشان دا کە لەودا فازل لاریجانی لە دەستڕۆیشتووی و دەسەڵاتی براکانی واتە عەلی و صادق لاریجانی کە سەرۆکی پارلمان و سەرۆکی دەزگای دادوەری بوون، کەڵکی وەردەگرت تا لە پرۆژەکانی دەوڵەتی سوودمەند بێ. برایانی لاریجانی واتە عەلی، سادق، جەواد، باقر و فازل لە کۆماری ئیسلامی دا پۆستی جۆراوجۆری دەوڵەتییان بەدەستەوە بووە. برایانی لاریجانی لە ئێران، سەمبۆلی هاوپێوەندی گەندەڵی بنەماڵەیی (nepotism) و گەندەڵی دەوڵەتین. دوو هەفتە دوای نیشاندانی ڤیدیۆی گەندەڵی فازل لاریجانی، میلیۆنێرێکی ئێرانی بە ناوی ئەمیر مەنسووری ئاریا لەسێدارە درا؛ ئەو لە ساختەکاری‌یەکی بانکی ٢.٦ میلیۆن دۆلاری (نزیک ٣ میلیار تمەن)دا بەشدار بوو کە بە گەورەترین کەیسی ساختەکاری لە مێژووی ئێران لەقەڵەم دەدرێ. سادقی لاریجانی، بەرپرسی دەزگای دادوەری، ئەو کەیسەی ئاشکرا کرد کە لەودا چەند بازرگانی گەورەی ئێران بە ئیعدام مەحکووم کران. بەشێک لە هاورێ و هاوکارانی ئەحمەدی نژاد وەک محەممەد ڕەزا ڕەحیمی لە پەروەندەیەدا بەشدار بوون بەڵام هەتا دوای تەواوبوونی سەرۆک کۆماری ئەحمەدی نژاد نەتوانرا دادگایی و زیندانی بکرێن. بەو پێیە زۆرێک لە فایلەکانی گەندەڵی وەک بەشێک لە کایە و ململانێی سیاسی نێوان باڵەکانی نێو ڕێژیم ئاشکرا دەکرێن. شێوازێکی بەرچاو کە سیاسی‌یەکانی ئێران بۆ گەندەڵی بەکاری دێنن ئەوەیە کە خۆیان ڕاستەخۆ گەندەڵی ناکەن بەڵام پشتگیری خزم و دۆستانیان دەکەن تا گەندەڵی بکەن. نموونەی بەرچاوی گەندەڵی ناڕاستەوخۆی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئەکبەری ڕەفسەنجانی‌یە کە لە ساڵانی ١٩٨٩ تا ١٩٩٧، سەرۆک کۆمار بووە؛ کوڕی ڕەفسەنجانی واتە مەهدی ڕەفسەنجانی لە گەندەڵی ماڵی گەورە بەشدار بووە. لە ساڵی ٢٠١٣، کۆمپانیای ستات ئۆیل ئاسا (Statoil ASA) کە کۆمپانیایەکی نەوت و گازی نوروێژی‌یە، ڕەزامەندی لەسەر ئەوە دەربڕی کە جەریمەی ٢١ میلیۆن دۆلاری بدا بە هۆی ئەوەی یاسای دژە گەندەڵی ئەمریکای نەپاراستبوو و بۆ بردنەوەی قەراردادی بازرگانی بەرتیلی بە مەهدی ڕەفسەنجانی دابوو (Nooryani, 1). بەو پێیە ئاشکراکردنی فایلەکانی گەندەڵی بەشێک لە ململانێی سیاسی نێو باڵەکانی ڕێژیم بووە.

### سیستەمی نادیموکراتیک و گەندەڵی

کارێکی زۆر دژوارە کە گەندەڵی لە ئێران بە شێوەیەکی بنەڕەتی و سیستماتیک چارەسەر بکرێ چونکە سیستمی سیاسی و یاسایی نادیموکراتیکی کۆماری ئیسلامی خۆی بەستێنی پەرەسەندنی گەندەڵی خۆش کردوە. حەسەن رووحانی لە سمینارێک کە لە ژێر سەردێری "بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی" لە تاران گیرا، ڕایگەیاند کە هەر شتێک کە ڕکابەری نەبێ و بەڕێوەبردنەکەی قۆرخ کرابێ، شتێکی خراپە." زۆر کەس وتەکانی رووحانی یان وەک ڕەخنەگرتن لە سوپای پاسداران لێکدایەوە کە لە سەرەتای شۆڕشی ئێران وەک ڕێکخراوێکی نیزامی هاوتەریبی ئەرتەش دامەزرا بەڵام ئێستا بە شێوەیەکی زۆر بەرفراوان تێکەڵ بە ئابووری و سیاسەتی ئێران بووە. سوپای پاسداران چەند لقی هەیە کە لە بواری جۆراوجوری ئابووری دا چالاکن کە دەکرێ ئاماژە بە بونیاد و خاتەمول ئەنبیا بکەین. تەنیا خاتەمول ئەنبیا، کە لقی بیناسازی و موهەندیسی سوپای پاسدارانە، نزیک ٢٥،٠٠٠ کارمەندی هەیە کە تاکوو ئێستا زیاتر لە ٧٥٠ پرۆژەیان لە بوارگەلی وەک ڕێگەوبان، سەدسازی و خەتی لوولەی گاز وەرگرتووە (گرووپی رند). سوپای پاسداران لەژێر دەسەڵاتی عەلی خامنەیی دایە؛ خامنەیی جگە لە دەسەڵاتێکی یاسایی یەکجار زۆر، هەروەها فەرماندەی سەرجەم هێزە چەکدارەکانی ئێرانە، سەرۆکی دەزگای دادوەری و دەزگای دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیش دیاری دەکا. شورای نیگابان کە وەک فیلترێک بۆ ڕێژیم کار دەکا تا چاوەدێری بە سەر کاندیدەکان بۆ هەڵبژاردنەکان بکا، وەک ئامرازێک لە دەستی ڕێبەری دایە. عەلی خامنەیی شەش ئەندامی شورای نیگابان ڕاستەوخۆ دیاری دەکا و شەش ئەندامی دیکەش لە ڕێگەی سەرۆکی دەزگای دادوەری، کە لە لایەن خامنەیی دیاری کردوە، دەستنیشان دەکرێن. دەسەڵاتی ئیداری و یاسایی زۆری خامنەیی وادەکا کە هەر کات بیانهەوێ گوشار بخەنە سەر نارازیان و بەشداری سیاسی زۆر کەم بکەنەوە.

محەممەد جەوادی زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران، لە کونفرانسێک لە سوئیس لە ٢٣ ژانویەی ٢٠١٥، ڕایگەیاند کە هێندێک گرووپ لە نێو ئێران و دەرەوەی ئێران لە گەمارۆکانی سەر ئێران بەهرەمەند دەبن (Karami). بێگومان گەمارۆکان قازانجی بە سوپای پاسداران گەیاندوە چونکە بە هۆی گەمارۆکان، کۆمپانیا دەرەکییەکان بە تایبەت کۆمپانیاکانی ئوروپایی ناچار بوون بازاری ئێران چۆل بکەن. بەشێکی زۆری ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێران و ڕۆژئاوا دەکرێ لە دەلاقەی شەڕی ئابووی و گەندەڵی نێو باڵەکانی نێو ڕێژیم سەیر بکرێ.

### ئاکام گیری

چەندین سەرمایەدار و سیاسەتمەداری ئێرانی بە هۆی گەندەڵی دادگایی و سزا دراون. زۆربەی ئەو فایلە گەورانەی گەندەڵی بە هۆی ململانێی سیاسی نێو باڵەکانی ڕێژیم ئاشکرا بوون. بە هۆی ئەوەی یاسا و سیستمی سیاسی ئێران نادیموکراتیکە دەرەتانی ئەوە نیە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان بە دژی گەندەڵی خەبات بکرێ. سیستمی سیاسی ئێران، لە لایەک بە هۆی دانی دەسەڵاتی زۆر بە کەسانێک وەک ڕێبەر و گرووپگەلێک وەک سوپای پاسداران و لە لایەکی دیکە بە هۆی لاوازبوونی دەنگ و خواستی خەڵک لە ساختاری سیاسی، پۆتانسیەلی گەندەڵبوون و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی زۆرە.



:Sources
The Rand Corporation. "The Rise of the Pasdaran," published on 2009 by National Defense In-.stitute
E.Torbat, Akbar. "Financial Corruption in Iran," published on March 2, 2013 by "Information ."Clearing House
Sadjadpour, Karim. "The Supreme Leader," published 20 .June, 2015, Web
Rezaian, Jason. "Iran hangs key figure in banking scandal," published on May 24, 2014 on .the Washington Post
Karami, Arash. "Zarif: Some in Iran don't want sanctions to end," published on February 2, .2015 on the al-Monitor
Ansari, Ali. "Moral crisis threatens Iran's Revolutionary Guards," published on 11 June, .2010 on the Guardian
Merat, Arron Reza. "Iran's webs of corruption prevalent, but hidden," published on September .30, 2014 on al-Monitor
Nooryani, Bunny. "Statoil Admits Iran Bribe; U.S sets $21 Million Fine," published on October 13, 2006 on www.bloomberg.come

## ڕۆژەڤی ئێران

# ڕیفۆرمخوازی موحافزەکار



حەسەن شێخانی

باڵی چەپ لە دوای مەرگی خومەینی لە ساڵی ١٣٦٨ەوە و، دوای بەدەستەوەگرتنی هەر دوو دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و یاسادانان لە لایەن باڵی ڕاستەوە، شێوەگۆڕینێک لە گوتاری دا پێک دێنێ و لە ساڵی ١٣٧٦ەوە لە ژێر ناوی ریفۆرمخواز دا خۆی فۆرموڵە و پێناسە دەکا. تا هەنووکە ریفۆرمخوازەکان بە چەند قۆناغ دا تێپەڕیون، کە بە ئاماژەیەکی کورت بە دوو قۆناغی دەوڵەتی ئیسلاحات و دۆخی ریفۆرمخوازان لە سەردەمی ٨ ساڵەی دەوڵەتەکانی ئەحمەدی نژاد، لە سەر قۆناغی هەنووکەییان هەڵوێستە دەکەم؛ ئەوەی کە چۆن خۆیان پێناسە دەکەنەوە، چ چاوەڕوانییەکیان لە دەسەڵات هەیە، داخوازییەکانیان لە چ ئاستێک دا فۆرمولبەندی دەکەن، فەزای سیاسیی هەنووکەیی ئێران چ کاریگەرییەکی لە سەر تێکۆشانیان هەیە و چۆن بەرەوپیری هەڵبژاردنەکانی مانگی ڕەشەمە دەچن.

بە هۆی کۆسپگەلی پێکهاتەیی، کۆسپ نانەوەی ناوکی سەرەکی هێز و بەسەرداکەوتن و بێ ئەزموونی و بێ بەرنامەیی خۆیان، ریفۆرمخوازەکان نەیانتوانی لە سەردەمی ئیسلاحات دا ئامانجی پەرەسەندنی سیاسی وەدی بێنن و ئەو کرانەوە ڕێژەییە سیاسی و فەرهەنگیەی کە دروست ببوو، یاسامەندی بکەن کە دوای خۆیان بە ئاسانی لەبار نەچێ.

لە دوای هاتنە سەر کاری ئەحمەدی نژاد لە ساڵی ١٣٨٤ دا فەزای سیاسیی ئێران بەرەو داخران(ی زیاتر) دەچێ و دەرەتانی تێکۆشان و چالاکیی سیاسیی بەردەم ریفۆرمخوازەکان کەمتر دەبێتەوە؛ تا ئەوەی کە لە دوای هەڵبژارنەکانی سەرکۆماریی ١٣٨٨، دەکرێنە سووژەیەکی ئەمنییەتی و بە توندی دەخرێنە پەراوێزەوە. بە هاتنە سەر کاری ڕوحانی، تا ڕادەیەک دەرەتانی چالاکییان بۆ دێتەوە پێش. لەم قۆناغە دایە کە ریفۆرمخوازەکان دەیانەوێ بە لەبەرچاو گرتنی ڕاستینەی فەزای سیاسیی ئێران و هێزی ڕەوتی بەرامبەریان، خۆیان سەر لە نوێ پێناسە بکەنەوە و ئاستی داخوازییەکانیان بە پێی ئەو فەزایە دیاری بکەن. لەم بارەوە پێویستە ئەم خاڵانە ئاماژە پێ بکەم:

١)ڕەوتی ریفۆرمخواز، ڕەوتێکی فرەچەشنە. ئەم ڕەوتە ڕوانینێکی ڕوون و یەکگرتووی سەبارەت بە کۆمەڵگە و سیاسەت نییە. باڵی ریفۆرمخواز «تەیف»ێکە کە لە نێوان ئەمسەر و ئەوسەری تەیفەکە دا مەودایەکی واتادار لە ڕووی تێڕوانین و پێناسەکردنی چەمکی ریفۆرمخوازیی بەدی دەکرێ. ئەم ڕەوتە زیاتر لە ٢٠ حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و چەندین حیزبی بە نایاسایی ڕاگەیەندراو لە خۆ دەگرێ. بە هۆی داخراویی فەزای سیاسیی ئێران، ئەو بەشە لە ریفۆرمخوازان دەرەتانی چالاکییان هەیە و خۆیان دەنوێنن کە میانەڕۆن و بە لەبەرچاوگرتنی فەزاکە خۆیان پێناسە دەکەن.

٢)لە نەبوونی حیزبەکانی «موشارکت» و «موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی» و بە هۆی تازەدامەزراو بوونی حیزبی «یەکیەتیی نەتەوەیی ئێران» و «نەدای ئێرانییەکان»، لە نێو ڕەوتی ریفۆرمخواز دا حیزبی «کارگوزارانی سازندگی» کاریگەرییەکی زۆری هەیە. حیزبێک کە لە سەردەمی ئیسلاحات دا لە مابەینی دوو ڕەوتی ریفۆرمخواز و موحافزەکار دا جێی دەگرت. حیزبێک کە خاوەن ئاخێزگەیەکی ریفۆرمخوازیی نییە و زیاتر لە چوارچێوەی ڕاستی مۆدێرن دا جێ دەگرێ.

٣)لە ڕوانگەی چالاکانی ریفۆرمخوازەوە، ئەوان لە ڕابردوودا هەڵە و توندڕەوییان هەبووە. بە هۆی کێبەرکێی نێو گرووپیی لە ساڵی ٨٤ دا، زەبرێکی گەورەیان لە پەرەسەندنی ئێران لە هەموو بوارەکان دا وەشاند. لە پێکهاتنی فەزای داخراویی دوای هەڵبژاردنەکانی ٨٨یش بێ گوناح نەبوون. مەجلیسی نۆیەم تەنیا مەجلیسێکە کە ریفۆرمخوازەکان نەیانتوانیوە فەراکسیۆن پێک بێنن و ئەوەش نیشاندەری ئەوەیە کە چەندە تووشی هەڵە بوون. بە گوتەی خۆیان بە خەسارناسی و پێداچوونەوە بە ڕابردوودا، خۆیان سەر لە نوێ پێناسە دەکەنەوە، متمانەسازیی دەکەن، لە ڕێگەی تەعامول و ڕاوێژکاری لەگەڵ بنیاتگەلی وەک شۆرای نیگابانەوە، هەوڵی سڕینەوەی خراپ لێکتێگەیشتنەکان دەدەن و کار بۆ دەرچوونی پاڵێوراوەکانیان لە فیلتێری شۆرای نیگابان دەدەن. بەم خوێندنەوەیە کە ئاستی داخوازییەکانیان زۆر هێناوەتە خوار و بە گوتەی خۆیان، خۆیان «ریالیزە« کردووە.

٤)بۆچوونی زاڵ ئەوەیە کە نایانەوێ سۆنامی خۆپاڵاوتن دروست بکەن و ئەگەر کەسانێک دەزانن حەتمەن ڕەدی سەلاحییەت دەکرێن، خۆیان نەپاڵێون. ئەمەش لەم پێناوەدا شی دەکرێتەوە کە نایانەوێ تێچووی ڕەدی سەلاحییەتەکان بۆ شۆرای نیگابان بەرنە سەرێ و لەمەش وەک ئامرازی فشار بۆ سەر شۆرای نیگابان کەڵک وەربگرن. بۆ نموونە موحسین ڕەهامی بەرپرسی کومیتەی هەڵبژاردنەکانی شۆرای هاوئاهەنگیی ریفۆرمخوازەکان دەڵێ: تەعامول لەگەڵ شۆرای نیگابان درێژە دەدەین. شۆرای نیگابان نیگەرانی ئەوەیە کە کەسانی توندڕەو بچنە مەجلیس. ئێمە دەمانەوێ نیگەرانیەکانیان بڕەوێنینەوە؛ چونکە دەمانەوێ لە کەسانی میانەڕۆ کەڵک وەربگرین.(قسەکانی ڕەهامی تەواو).

ریفۆرمخوازەکان زیاتر لەوەی کە لە سەر شوناسی ریفۆرمخوازیی پێداگریی بکەن لە بیری ئەوە دان کە چۆن بگەڕێنەوە نێو سیستم و تەنانەت بۆ ئەوەی کە ئوسوولگەراکان و ناوکی سەرەکی هێز، ترسیان ڕێ نەنیشێت، زیاتر باس لە دووبارە بوونەوەی مۆدێلی مەجلیسی پێنجەم دەکەن، مەجلیسێک کە تێیدا ریفۆرمخوازەکان کەمایەتییەکی بەهێز بوون. بە گشتی وەک بەرچاو دەکەوێ ئەوان دەیانەوێ بە شێوەیەکی فابیانیستی بگەڕێنەوە نێو سیستم و سەقفی داخوازییەکانیان ئەوەندە بەرز دانەنێن کە لە لایەن چەقی قورسایی هێز لە کۆماری ئیسلامی دا بە ئاسانی وەک پێکهاتەشکێنی لێک بدرێتەوە. ڕویکەردێک کە لەلایەن دژبەرانی ڕادیکاڵی کۆماری ئیسلامییەوە وەک کۆنسێرڤاتیزە بوونی ریفۆرمخوازەکان لێک دەدرێتەوە.

# نائارامی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند قسەیەک



ڕەزا محەممەدئەمینی

هەر لە دوای سەرهەڵدانی بەناو «بەهاری عەرەبی» بەملاوە، زۆربەی وڵاتانی باکوری ئافریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەورووی شەڕی ناوخۆیی و کێشە و نائارامی بوونەوە. شەڕو کێشە و نائارامی‌یەک کە ریشەی لە مێژووی دروست بوونی ئەو وڵاتانە لە لایەک و لەلایەکی دیکەش لە فرە نەتەوەیی و فرە ئایینی و فەرهەنگیان‌دا هەیە. دەکرێ بڵێین، هەنووکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت وڵاتانی وەک سووریە و عێراق و یەمەن بوونەتە مەیدانی ململانێی هێزە دژبەرە ناوخۆیی‌یەکان و وڵاتانی ناوچە و زلهێزەکانی جیهان. هێزە ناوخۆیی‌یەکان لەو وڵاتانە دا زۆر بێ‌بەزەیانە خەریکی کوشتار و جینوسایدی یەکترن و لەو سۆنگەیەوە هەموو یاساو ڕیساکانی مافی مرۆڤ و تەنانەت یاساکانی شەریان لەژێر پێ‌ناوە. هێز و دەوڵەتە ناوچەیی‌یەکانیش وەک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیە و عەرەبستانی سعوودی و ....... وێڕای دژایەتی نەیارانیان لە ئاستی ناوچەکەدا، چالاکانە لەو شەر و نائارامی‌یانەدا بەشدارن و لەڕاستی دا کێشەو گرفتە ئاڵۆزەکانی ئەو وڵاتانەیان هەتادێ ئاڵۆزتر کردو. زلهێزە جیهانی‌یەکانیش و لە سەرووی هەموویانەوە ئامریکا و رووسیە، لەو بەینەدا بەبێ ڕەچاوکردنی سیاسەتێک و ئیستراتیژی‌یەکی وردبینانە کە لەگەڵ پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی ئەو وڵاتانەدا بگونجێ و بە بێ‌لەبەرچاو گرتنی ریشەی کێشەکان، لە ڕوانگەی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیانەوە و تاڕادەی دژایەتی ئاشکرا لەگەڵ یەکتر، هەر جارە و بەپێی ئاڵوگۆڕە سیاسیی و سەربازی‌یەکان، بەتەمای داسەپاندنی تەرح و گەڵاڵەی دڵخوازی خۆیانن.

لە یەمەن شەر و توندو تیژی‌یەکان گەیشتوونەتە ئاستێکی بێ‌وێنە و بەکردەوە عەرەبستانی سعودی و هاوپەیمانەکانی لە کەنداو لە شەری ناوخۆیی ئەو وڵاتە بەدژی حوسی‌یەکان‌دا چالاکانە بەشدارن و کۆماری ئیسلامی ئێرانیش کە لە هەموو کێشە ناوچەیی‌یەکان دەستی باڵای لە ئاژاوە نانەوە و دەستێوەردان‌دا هەیە بە ناردنی چەک و تەقەمەنیی و تەنانەت هێزی نیزامی، لایەنگری لە حوسی‌یەکان دەکات. لە ڕاستی دا ئەو وڵاتە شەرلێدراوە بۆتە گۆڕەپانی ململانێی توندی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی. دیارە لەو بەینەدا ئەوەی باجی ئەو شەرە ماڵوێرانکەرە دادات، خەڵکی وەزاڵەهاتووی یەمەنە.

لە سووریە و عێراقیش باروودۆخەکە لەڕادەبەدەر دژوار و خراپ و خوێناوی‌یە و لەڕاستی دا ئەو دوو وڵاتە بوون بە دوو گۆمی خوێن و ڕۆژ نی‌یە بەسەدان کەس نەبنە قوربانی و بەهەزاران و بگرە دەیان هەزار کەس لەماڵ و شار و گوندەکانیان دەرنەکرێن و بەناچاری روو لە وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی رۆژئاوایی نەکەن. پەتای»داعش» و»ئەلقاعیدە» و دەستەو تاقمە توندرەوە ئیسلامی‌یەکان، کە لە هیچ چەشنە جینایەت و ئینسان‌کوژی‌یەک خۆنابوێرن لە لایەک و لەلایەکی دیکەش دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچە وەک ئێران و تورکییە و...... کە هەرکام بەکردەوە و زۆر بە چڕی لایەنگری لە لایەنێک دەکەن، کێشەی ئەو دوو وڵاتەیان گەیاندۆتە ئاستێک کە پێشبینی ناکرێ چارەسەر بکرێ. تەنانەت ئەگەری لێکهەڵوەشانەوەی سووریە و عێڕاق و بگرە وڵاتی یەمەنیش زۆر زۆرترە لە مانەوەیان بە یەکپارچەیی. دیارە هەرچەند لە عێڕاق دەوڵەتی ناوەندی هەیە و لەلایەن زۆرینەی وڵاتانی جیهانەوە بەفەرمیی دانی پێدانراوە؛ بەڵام بوونی بەهێزی داعەش لە ناوچە عەرەبە سونی‌یەکان لەو وڵاتە و پێوەندی نەزۆر باش و تەنانەت گرژی دەوڵەتی بەغدا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکانەوە؛ سەرەڕای هەول و تێکۆشانی ئامریکا و گوشار خستنە سەر لایەنەکان، بەتایبەت لایەنی کوردی، پێناچێ ئەو وڵاتەش لە دابەشبوون بێبەری بکات. لەڕاستی دا هەر لەدوای ڕاپەڕینی باشوور لە ساڵی ١٩٩١ و بەتایبەت لەپاش هێرشی ئامریکا و ڕووخانی رژێمی بەعسی عێڕاق، ئەو وڵاتە بەکردەوە دابەش بووە بەسەر سێ دەسەڵاتی لەیەک جوودا، لەسەر بناغەی سێ پێکهاتەی ئەتنیکی و ئایینی جوودا کە بەرێوەی دەبەن.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ تەشەنەی شەر و نائارامی‌یەکانی سووریە و عێڕاق دا دەبینین لەلایەک هاوکێشە نێو نەتەوەیی‌یەکان و لەلایەکی دیکە، ڕێکارە نێودەوڵەتی‌یەکان کە لەلایەن زلهێزەکانەوە پەیرەو دەکرێ، هەتا دێ کێشەکانی ئەو دوو وڵاتە، بەتایبەت سووریە ئاڵۆزتر و ئەگەر و ڕێگا چارەکان لاوازتر دەکات. بۆوێنە، ئەگەر لە پێوەندی لەگەڵ لەسەر کار لادانی بەشار ئەسەد و دەستەو تاقمەکەی لەسەرەتادا وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەگەڵ ئامریکا هاوڕا بوون، ئێستا بەلەبەرچاوگرتنی بەربەرەکانی سەختی هێزەکانی بەشار ئەسەد کە لەلایەن ئێران و رووسیەوە پشتیوانیان لێدەکرێ و هەروەها نادێمۆکرات بوونی ئۆپۆزسیۆنی ئەو رێژیمە سەرەڕۆیە کە باوەری بە هیچکام لە پرەنسیپە دێمۆکراتیکەکان نی‌یە و تەنانەت بەشێکی وەک «بەرەی نووسرەت» سەر بە ڕێکخراوی تێرۆریستی ئەلقاعیدەن؛ ئەو وڵاتانە هاتوونە سەرئەو باوەڕە کە دەکرێ بۆ هێوەرکردنەوەی باروودۆخەکە «تەعامول» لەگەڵ بەشار ئەسەد بکرێ و لەداهاتووی سیاسیی ئەو وڵاتە دا هەمیسان ڕۆڵی پێبدرێ. تەنانەت ئامریکاش ڕایگەیاندوە دەکرێ پرۆسەی لادانی ناوبراو، ماوەی چەند مانگ بۆ ساڵێک بخایێنێ. ئەوە لەحاڵێک دایە رووسیە هەر ئێستا بەکردەوە چۆتە بەرەی شەرەوە و هەرچەند فڕۆکە شەرکەرەکانی بە خەستی ناوەندە سەربازی و ئابووری‌یەکانی داعەشیان پێکاوە، بەڵام لەهەمان کات‌دا زەبری کوشەندەشیان لە ئۆپۆزیسیۆن و نەیارانی ئەسەد وەشاندوە کە بۆتە هۆی نارەزایەتی ئامریکا و تورکییە و ڕخنەیان لێگرتوە. دەوڵەتانی ئامریکاو تورکییە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا زۆریان هەول داوە ئۆپۆزیسیۆنی سووریە بۆ لەناو بردنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد بەهێز بکەن و سروشتی‌یە بە هاتنی رووسەکان بۆ ناو ئەو یاری‌یە و زەبرلێدان لەو هێزانە تووره بن.

سیاسەتە دژبەرەکانی زلهێزەکان لە پێوەندی لەگەڵ کێشە ناوچەیی‌یەکان؛ دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و توورکیە و سعوودی لە کێشەی ناوخۆیی ئەو وڵاتانە؛ ڕۆڵی حاشاهەڵنەگری نەتەوەی کورد لە هەر دوو بەشی باشوور و لەم چەند ساڵەی دواییش دا لە رۆژئاوای کوردستان کە سەرەڕای پێناخۆش بوونی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بوونەتە «ئەمری واقع» و لە هاوکێشەکانی ناوچەدا دەبێ جێگە و پێگەی شیاوی خۆیان پێبدرێ؛ پەرەسەندنی خێرای ڕێکخراوە تێرۆریستی‌یەکانی وەک داعەش و ئەلقاعیدە لە ناوچەکەدا و هاتنی بەهەزاران سەلەفی و توندرەوی ئیسلامی بۆ ناو ریزەکانی ئەم ڕێکخراوانە و کوچ و ئاوارە بوونی میلیۆنان مرۆڤی ئەو وڵاتە شەرلێدراوانە؛ دەربڕی ئەو ڕاستی‌یانەن کە بەڕوونی پێمان دڵێن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت لە کورت‌خایەن‌دا، وڵاتانی یەمەن و عێراق و سووریە بەرەو لێکترازان و هەڵوەشانەوە دەڕۆن و چند وڵات و قەوارەی سیاسیی نوێ پێک دێن. دیارە ئەوە کۆتایی ئەو سێناریۆیە نی‌یە و لە درێژ خایەن‌دا هەتا کێشە نەتەوەیی و ئایینی‌یەکان وەک کێشەی نەتەوەی کورد لە هەمووبەشەکانی کوردستان و کێشەی نەتەوەی فەلەستین و .... بە شێوەیەک لە شێوەکان چارەسەر نەکرێن ئەگەری شەر و ئاژاوە و کۆچ و ئاوارە بوون هەر دەمێنێ و بەرۆکی مرۆڤایەتی دەگرێ. لە ڕاستی‌دا وڵاتە دەسکردەکان کە تێکهەڵکێشی چەند ئەتنیک و ئایینێکن و زۆربەیان لە دوای شەری جیهانی یەکەمەوە لەلایەن زلهێزەکانەوە پێکهاتوون، یان دەبێ بەرەو دێمۆکراتیزاسیۆن بڕۆن و ماف و ئازادی‌یەکان لە هەموو بوارەکان‌دا بەکردەوە پیادە بکەن، یان بەرەو هەڵوەشانەوە هەنگاو بنێن. بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ توند و تیژی و شەر و ئاژاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێ ریشە و ناوەڕۆکی هەموو کێشەکان لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، زۆر زانستی‌یانە تاو وتوێ و هۆکارە سەلبی‌یەکانی دەستنیشان بکرێن و ڕێگا چارەی گونجاویان بۆ ببیندرێتەوە. دەکرێ بەشەر و بەربەرەکانی سەربازی بۆ وێنە، داعەش یان ئەلقاعیدە بۆ ماوەیەک لاواز یان سەرکوت بکرێن، بەڵام بۆ ویشک کردنی ریشەکانی تێرۆڕیزم و ئەو ڕێژیمانەی وەک کۆماری ئیسلامی هانی دەستەو تاقمە تێرۆڕیستی‌یەکان دەدەن، بۆ نەهێشتنی کارەساتە خوێناوی‌یەکانی ئەو بەڵایە کە خۆی لە سەلەفیەت و ئیسلامی ڕادیکاڵی تێکەڵاو بە توندترین شێوەکانی سەرەڕۆیی دەبینێتەوە، پێویستی بە خەباتێکی هەمەلایەنەی جیهانی‌یە و ئەوەش ڕێگایەکە لە داڵانی بەرین و دورو درێژی دێمۆکراتیزاسیۆنی کۆمەڵگاکان و دابیین کردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دا تێپەڕ دەبێ.




## لە ڕۆژهەڵاتەوە...

# لۆمپێنیزمی سەرجادە!



خالید محەممەدزادە

لۆمپێن دەستەواژەیەکی ئاڵمانیە بە کەسێکی بێکارو دەرەوەی بازنەی پرۆسەی کۆمەلایەتی دەگوترێ، لە مانا هەرە گشتییەکەی بە توێژێک لە کۆمەلگا دەگوترێن کە بێبەش دەکرێن لە مافی سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و هاولاتی بوون‌و هیچ ریگایەکی یاسایی نابینەوە بۆ تەعبیر لە خو کردن‌و زۆرجار لە ریگەی باجگیری‌و رێگری‌و لە پیناو وەدەستخستنی پارە هەموو کارێک دەکەن.

ئەم تویژە هەولدەدەن لە ریگای توندوتیژی نانەوە، باجگیری‌و، نانەوەی پشێوی کۆمەلایەتی‌و سیاسی، سەرنجی کۆمەلگا بۆ لای خۆیان راکێشین‌و لەو ریگایەوە کاریگەری بە سودی خویان دروست بکەن کە لە کۆمەلگای ئێستای کوردستان بەم تویژە دەگوترێ لات‌ولوت‌و، حکومەت لە ئێران ناوی«اراذل‌و اوباش»ی لەم توێژە ناوە.

بە کارهێنانی سیاسی ئەم دەستەواژەیە لە رووی سیاسیەوە بۆ یەکەمجار دەگەریتەوە بۆ کارل مارکس‌و فرێدریش ئەنگلس لە کتێبە هاوبەشەکەیان( ئیدئۆلۆژی ئاڵمانی) بە ناوی لۆمپێنی پرۆلتاریا. ئەوان لەم کتیبەدا ئەم دەستەواژەیان بە کارهینا بۆ تەعبیرکردن لە توێژیکی کۆمەڵگا کە هیچ رۆلێکیان لە بەرهەمهێنان نیەو لە ریگاکانی دزی، کلاولەسەرنان‌و رێگری‌و باجگیری دریژە بە مانەوەی خۆیان دەدەن. مارکس ئەم توێژەی تومەتبار کرد بەوەی کە داردەستی بۆرژوازین‌و هەر بۆیە تومەتی دژە شۆرشی خستە پاڵیان.

رەنگە ئەم پێناسەی مارکس بۆ لۆمپێن تا رادەیەک لە گەل دۆخی لۆمپینیزم لە کوردستان بێتەوە بە سەرنجدان بەوەی کاتی لۆمپێنیک دەکوژرێ، هەر زوو تۆمەتبار دەکری بەوەی سەر بە حکومەت بووە. لە گەل ئەوەش‌دا کوشتنی ئەم کەسانە خۆشحالییەک لە نیو کۆمەڵگا دروست دەکات. تەنانەت لە جەرەیانی کوشتنی عەبدوڵلا ئاروەند، کەمنەبوون ئەو ئەندام حیزبیانەی بە خوشحالییەوە ئەوەیان خستەروو کە دەستیان هەبووە لە کوشتنی‌و، وەک هەنگاوێکی شۆرشگیرانە پەسندیان کرد.

لۆمپێنیزم بەرهەمی دۆخی کۆمەلایەتی‌و سیاسی کۆمەڵگایەو لە هەر کۆمەڵگایەک بە فۆرمێک خۆی پێناسە دەکات، زیاتر لەو کۆمەڵگایانە سەرهەڵدەدا کە پرۆسەی بەرەوپێشچوون تیادا ناکۆکی چینایەتی دروستدەکات، کە خوی لە ناعەدالەتی کۆمەلایەتی، بێکاری‌و نائۆمیدی بە باشبوونی گوزەران‌و هەلوەشانەوەی بنەما کەلتوری‌و ئەخلاقییەکانی کۆمەلگاو نەبوونی فۆرمیکی هاوبەشە بۆ پێکەوەیی بوون‌و پێکەوە ژیان.

لە دواجاردا نائۆمیدی‌و تورەو تەوسن بوونی ئەم تویژە لە ژیان وا دەکات، ئەم تویژە وەک ئالەتی دەستی حکومەت لە زۆر قۆناغ سودیان لێوەردەگیری‌و میژووی سیاسی ئێرانیش چەندین نمونەی تیدایە کە چۆن ئەم توێژە تەنانەت توانیوانە کاریگەری سیاسی دروست بکەن لە ریگای تیرۆرو کوشتنی کەسە ناسراوەکانەوە، تەنانەت سودیان لێ وەرگیراوە بۆ سەرکوتی نارەزایی خەلکی.

لە کوردستان میژوویەکی نوسراومان لە سەر لۆمپێنیزم‌و دەرکەوتەو کاریگەرییە سیاسیەکانی نیە، بەلام ئەم توێژە پێش قۆناغی شارنشینی وەک چەتەو ریگر لە ئەدەبیاتی کوردی ناوی هاتووە، زۆرجاریش ئەم ناوە لە لایەن حکومەتەوە بۆ سەرکردەی راپەرینەکانی کورد بە کار هێنراوە، بەلام ئەم فۆرمەی ئێستا دیاردەیەکی تەواو شارنشینیەو، بۆ نمونە هەر گەرەکێک باندو دەستەی لۆمپێنیزمی خۆی هەیەو، هەموو کەس ناتوانی بی ئیزنی ئەمانە بچنە ئەو گەرەکانە.

لە نیو ئەو توێژە چەندین تاقم‌و کەس‌و لایەن هەن کە هەمیشە لە لایەن دەسەلاتەوە بە کارهێنراون بۆ بڵاوکردنەوەی مادەی هۆشبەر، تێکدانی چالاکییە مەدەنی‌و سیاسییەکان، هێرشکردنە سەر نارازیانی حکومەتی‌و تێکدانی کۆرو کوبونەوەی هاولاتی‌و تێکدانی ئارامی شارو دزی‌و راورووت‌و دەستدریژی بۆ سەر ژنان‌و پاکانە حیسابی حکومەتی لە سەر حیسابی هاوڵاتی.

ئەم توێژە بە پێچەوانەی لۆمپێنیزم لە ئێران ئەگەرچی نەیتوانیوە کاریگەری لە سەر رووداوە سیاسییەکانی کوردستان دروست بکات‌و دیاردەیەکی نۆییە لە کوردستان، بەڵام لە زۆرێک لە شارەکانی کوردستان، ئاسایشی خەڵکیان تێکداوە.

ئەم باندانە لە لایەن خەڵک‌و چالاکانی کۆمەڵگای مەدەنی تومەتبار دەکرێن بە تێکدانی تۆرمی سروشتی کۆمەلگاو پرۆسەی سیاسی، بە جۆرێک کە بەشی زۆری ئەم باندانە رۆڵیان هەیە لە بڵاوکردنەوەی مادەی هۆشبەر بە هاوکاری دەزگا ئەمنی‌و سیاسییەکانی حکومەت کە ئەمە دەتوانی ئاسایشی نەتەوەیی لە کوردستان بخاتە مەترسییەوە.

ئەمەش پێویستی بە رووبەرووبونەوەی نیشتمانی‌و پێدانی هۆشیاری گشتی هەیە بە هاوڵاتیان کە خەسارەکانی ئەم دیاردەیە تا ئاستی بنەبرکردنیان‌و گەرانەوەیان بۆ نیو رەوتی ئاسایی کۆمەڵگا کەم بکاتەوە.



**لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی!**

# ئابووری ئێران لە ژێر چەکمەی سپای پاسداراندا!

## ڕۆلی هێزە نیزامییەکان لە ئابووری ئێراندا،

**ئاگری باڵەکی**

کەباس لە ئابووری ئێران دەکرێ یەکەم نێو و یەکەم بابەت کە دێتە سەر زمان سپای پاسدارنی شۆرشی ئیسلامییە، سپایەک کە لە هیچی کەم دانەناوە بۆ بوون بە حاکمی بێ ئەملاو ئەولای ئێران و ناوچەکە.

سپای پاسداران لە ڕاستیدا یەک شیرکەتی گەورەیە کە چەکوچۆلیشی لەبەر دەست دایە، بەمانای وشە مافیایەکی چەکدارە، سپای پاسداران لەڕاستیدا حکومەتی سێبەری ئێرانە کە کۆمەڵێک ئەفسەری نیزامی دیکتاتۆریەتێکی گەورەی ئابووری و نیزامیان بۆخۆیان دروستکردوە بە هاوکاری دین و ڕێبەرە دینیەکان.

**سپای پاسداران و بازاری بۆرس.**

بەگوێرەی زانیاریەکان لە بۆرسی شاری تاران دا نزیک بە ٧ میلیۆن کۆدی بەش( سەهام) تۆمار کراوە، ٤ میلیۆن بەشدار بوو( سەهامدار) دەتوان کرین و فرۆشتن بەو بەشانەوە بکەن، بەڵام بە پێی وتەی بەرپرسانی ئەو ناوەندی بۆرسی تاران تەنها ٢٠ هەزار بەشدار بوو لە بازاری بورسی تاراندا چالاکن. زانیاریەکان ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە کە ساڵی پار ٥٤،٢ هەزار میلیار تمەن لە هاتوو چۆدا بووە لە نیوان «کریار و فرۆشیارەکانی» بازاری بۆرسی تاراندا.

بە پێی راپۆرتی ساڵانەی بازاری بۆرسی تاران زیاتر لە ٢٠ لەسەدی ئەو کڕین و فرۆشتانە تەنها ٢ ناوەندی ئابووری گەورەی سەر بەدەوڵەت و بەتایبەتی سپای پاسداران ئەنجام دراون ئەویش (کارگزاری صبا تامین) کە پەیوەندی دارە بە سندوقی سەرمایەیی ڕێکخراوی تامینی کۆمەلایەتی (سازمان تامین اجتماعی) کە بە بەشی (سەهمی) ١١،٢ لەسەدی و هەروەها بانکی میللی بە ١٠،٣ لەسەد بەشداری کرین و فرۆشتنی( سهم) بوون لە بازاری بورسی تاراندا، کە یەکەمیان سەر بە سپای پاسداران و ئەویتریان سەر بە حکومەتە.

بەپێی ئەو راپۆراتانەی کە بڵاوبوونەوە نزیک ٢٧ میلیارد تمەن لەو ٥٤ میلیارد تمەنەیی کە لە هاتووچۆی نێوان بەشدار بووانی بورس دا بووە، پوڵی ئەو ناوەندانە بووە کە سەر بە حکومەت و سپای پاسدارن بووە، کەمتر لە ٥٠٪ ئەو پوڵە لە ژێر دەستی بازرگانەکانی تر دا بووە. لە ١٥٧ شیرکەتی کە لە بورسی تاراندا تۆمار کراون تەنها ١٠١ شیرکەت بە شێوەی بەردەوام کاریان کردوە کە لەو ١٠٧ شیرکەتە ١٠ دانەیان کە راستەوخۆ لەگەل سپایی پاسداران پەیوەندیان هەیە و بەشێکن لە لق و پۆپەکانی قەرارگایی خاتم ئەنبیا.. (پتروشیمی خلیجی فارس، گسترش نفت و گاز پارسیان، سەرمایەگذار غدیر، سرمایەگذار نفت وگاز و پتروشیمی تامین، فولاد مبارکە، نفتی بندر عباس، شرکت ارتباطات سیار، شرکت مخابرات ایران، بانک ملت و ایران خودرو) .

ئەو ١٠ شیرکەتە راستەوخۆ پەیوەندیان بە سپای پاسدارن و ناوەندەکانی دەسەڵاتی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئیرانەوە هەیە، لە هەموو جیهان بۆرسە جێگای شەفاف سازی ئابووری ئەو وڵاتەیە، بەڵام لە ئێراندا بۆرس بۆتە جێگایی ململانێی حکومەت( باڵە جیایەکانی ناو حکومەت) و هێزە سەربازیەکان ( سپای پاسدارن و بەسیج)، بۆیە بۆرسی تاران نەک هەر جێگای شەفاف سازیی بۆ ئابووری نیە لە ئێراندا بەڵکو بە پێچەوانەشەوە بوونی نیزامیەکان لە ناو ئابووری ئیراندا وایکردوە کە ئابوری ئەو وڵاتە مایە پوچە بێت!

**سپای پاسداران و ئابووری ئێران.**

بە وتەی دیپلۆماتە رۆژئاواییەکان سپای پاسداران گەورەترین داهاتی بەدەست هێناوە لە گەمارۆکانی سەر ئێران، بە پێچەوانەوە خەڵک گەورەترین زەرەمەند بوون لە گەمارۆکان. دیپلۆماتەکان رایانگەیاندووە کە ئەگەر گەمارۆکانیش لەسەر ئێران لابچێت ئەوا دیسان سپای پاسداران سودمەنترین لایەن دەبێت لە ئێراندا، چونکە هەموو جومگەکانی ئابوری ئێران لە دەست سپا دایە.

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی رۆیتێرز؛ ریژەی فرۆشی ساڵانەی ئیمپراتۆریەتی سپای پاسداران لە نێوان ١٠ تا ١٢ میلیارد دۆلارە کە ئەو رێژەیە یەک لە سەر شەشی (٦/١) داهاتی حکومەتی ئێرانە. هەروەها رۆیتێر دەلێت: کە ئەو پوڵەی سپای پاسداران لە بەشەکانی گەشت و گوزار، وزە و گواستەنە و گەیاندن، ئاوەدانکردنەوە و مخابرات و ئینترنێت سەرمایەگوزاری کراوە، بۆیە دەلێن لەگەڵ لابردنی گەمارۆکان سپاس رێژەی ٣٠٪ داهاتی زیاد دەکات.

بەپێی وتەی ئابووری ناسانی جیهان ریژەی پارەی بلۆکە کراوی ئیران لە سەردەمی گەمارۆکاندا نزیک بە ١٥٠ میلیارد دۆلارە کە ئەو ریژەیە ٣٠٪ لەکاتی ئازاد کردنی دا دەبێتە داهات بۆ سپای پاسدارن، واتە ٤٥ میلیارد دۆلار. لە راستیدا ئەو خاڵە بۆتە جێگایی ناکۆکی نێوان کۆماریەکان و دێموکراتەکانی ئەمریکا، کۆماریەکان دەلێن: کە ئەو ریژە پۆڵە بەبێ هیچ بەربەستێک دەگاتە دەست سپای پاسدارن ، سپای پاسدارانیش دابەشی دەکا بەسەر لق و پۆپەکانی لە عێراق و لوبنان و سوریە، کە ئەوە دەبێتە هەرەشە بۆسەر ئەمریکا.

شیرکەتی «خاتەم ئەنبیا» کە نوێنەرایەتی سپای پاسداران دەکات لە پرۆژە ئابووریەکاندا، لە کاتی ئێستادا بەڵێندەری سەرەکی ناوچەی گازی پارسی جنوبە، هەروەها بەڵیندەری هێلی میترۆی تارانە کە نرخی ١.٢ میلیارد دۆلارە و هێڵی لوولەی گازی پاکستان بە نرخی ٢ میلیارد و ٥٠٠ میلیۆن دۆلارە ، هەموو ئەو پرۆژانە بە بێ رکابەر راستەوخۆ دراون بە قەرارگای خاتەم ئەنبیا.

سپای پاسداران کۆنترۆڵی تەواویی ترمیناڵەکانی فرۆکەخانە و بەندەرە و خاڵە سنووریەکانی لەژێر دەست دایە و زۆر بەئاسانی بێ دانی هیچ گومرگێک کالاکانی شیرکەتەکانی خۆی هاوردەی ئێران دەکات، ئەمە وتەی بازرگانێکی ئێرانیە کە بۆ سپای پاسدارن کار دەکات و ئەو زانیاریانەی بۆ ئاژانسی رۆیتێرز ئاشکرا کردووە.

سپای پاسداران کارو بارەکانی خۆی لە رێگای ناوەندە جیاوازەکان و بە ناوی جۆراوجۆر گەشە پێداوە، لەوانە بونیادیی «مستضعفان»، ستادی ئیجرای فەرمانی ئیمام زۆر ناوەندی تر.. هەرچەندە پێشوتریش باسمان کرد کە قەرارگای خاتم ئەنبیا بەهێزترین لقی سپای پاسدارانە کە لەبواری بیناسازی و ئاوەدان کردنەوەدا کار دەکات، بەپێی زانیاریەکان سپای پاسداران ٨١٢ شیرکەتی لە ناوخۆی ئێران و دەرەوەی ئێران دا تۆمار کراون کە هەموویان لە ژێر دەسەلاتی ئەو ئیمپراتۆریەتە سەربازیەدایە، کە هەر کەس لە دەرەوەی ئێرانەوە بێت و بیهەوێ سەرمایەگوزاری بکات دەبێ لەگەڵ یەکێک لەو ٨١٢ شیرکەتە ببێتە شەریکە بەش. لە کاتی ئێستادا سپای پاسداران ١٧٠٠ گرێبەستی حکومەتی هەیە، کە بەو گرێبەستانە سپای پاسدارانی کردووتە گەورەترین هێزی ئابوری ئێران و ناوچەکە.

لە راستیدا رۆلی سپا دوای هاتنە سەر کاری ئەحمەدی نژاد لە ساڵی ١٣٨٤ زیاتر بوو و لە کابینەی ئەودا ٥ وەزیر سپایی هەبووە،و هەر لەو سەردەمەشدا بوو کە مەیدانەکانی گاز و نەوت درا بە سپای پاسدارن، دوای رووداوەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٨ ی ئێراندا سپای پاسدارن توانی لە کێ بەرکێیەکی نابەرامبەر شرکەتی مخابراتی ئێران بکرێت، لەدوای ساڵی ٨٨ ئیتر سپای پاسداران بێ هیچ بەربەستێک و لە ژێر فەرمانی عەلی خامنەیی دا دەستی کرد بە پەل و پۆهاویشتن لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئێرانیەکاندا.

**قەرارگای ئاوەدان کردنەوەی خاتەم ئەنبیا**

قەرارگای خاتەم ئەنبیا لە کۆمەلێک موهەندیسی تایبەت بە رێگا و بان و بیناسازی لەسەردەمی ٨ ساڵەی شەری ئێران و عێراق کاریان کردوە،پێک هاتوە. دوای شەڕ بەهاوکاری سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئێران و بە پشت بەستن بە ئەسلی ١٤٨ قانونی ئەساسی کە دەلێ :هێزە نیزامیەکان لەکاتی ئارامی و ئاشتی دا دەتوانن بەشدار بن کە ئاوەدان کردنەوە و بنیات نانەوە، قەرارگای خاتم ئەنبیای سپای پاسدارن بە پشت بەستن بەو ئەسلە واریدی ئەو کارە بووە.

هەڵبەت بەشدار بوونی سپای پاسداران لە ئابووری ئێراندا، مشت و مرێکی زۆری لەسەر ساز کرا و کە نابێ سپا پێگە بە کەرتی تایبەت تەنگ بکات، بەڵام بە پشتیوانی ئەوکاتی رێبەری ئێران و سەرۆک کۆماری ئەوکات گوێ نەدار بەو نارەزایەتیانە و سپا بەشێوی رەسمی و قانوونی بەشداری کرد لە ئابووری ئیران.

سەرەتا سپا بەدروست کردنی قەراگای ئاوەدان کردنەوەی خاتەم ئەنبیا و دوو لقی تر لەو قەرارگایە ٢ شیرکەتی» رزمندگان و رزمجو «هاتە نێو کایە ئابووریەکانەوە، بەهانەی هاتنە نێو ئەو کارەش ئەوە بوو کە لەدوای شەری ئیران و عێراق ژمارەیەکی زۆر دەزگا و کەل و پەلی رێگا دروست کردن و بینا ساز کردن لە بەرەکانی شەر بەجێ مابوو. بە پێ وتەی یەکێک لە فەرماندەکانی سپا لە ساڵی ١٣٦٨ تا ساڵی ١٣٨٥ سپای پاسداران توانیویەتی کە زیاتر لە ٢٠٠٠ پرۆژەی پیشەسازی و کانگایی لە ئێراندا جێ بەجێ بکات. ناوەندی (کوثران) کە یەکێکی تر لە ناوەندەکانی تری سپایە و لەسەردەمی سەرۆک کۆماری خاتەمی دا توانی پرۆژەی گەیاندی ئاو بۆ ٨٨٠٠ هێکتار لە پارێزگای خوزستان و ناوچەی «ئومیدیە» وەربگرێت کە تێکرایی پرۆژەکە نزیک بە ١ میلیارد دۆلار بوو.

تا پێش ساڵی ١٣٩٠ بەپێ ئەسلیک سپا ئیجازەی نەبوو کە ئەو پرۆژانە وەربگرێت کە لە ١٠٠ میلیارد تمەن کەمترن بەڵام دوای گۆرانکاریەکانی نێو ئیران و دەست بڵاوی سپای پاسدارن ئێدی سپای پاسدارن دەستی گرت بە سەر پرۆژە بچووکەکانیش دا.

قەراگایی خاتەم ئەنبیا لەکاتی ئێستادا ٥٠٠٠ هەزار شیرکەتی گەورە و بچووک کار بۆ ئەو قەرارگایە دەکەن، بە پیی گوتەی بەرپرسی قەرارگای خاتەم ئەنبیا ١٣٥ هەزار کەس کاری تێدا دەکات کە ئەو ژمارەیە بەشێوەی رەسمی و وەک پاسدار وەزیفە بەشداری کارە ئابووریەکانی ئەو قەرارگا سەربازیەن، لەو ١٣٥ هەزارە، ٢ هەزار و ٥٠٠ کەسی ئەوانە راستەوخۆ لە فەرماندەرانی سپایی پاسداران. جگە لەو ژمارە کەسانەی سەرەوە ٥٠٠ هەزار کەسی تر بەشێوەی قەراردادی کار لەگەڵ ئەو قەرارگایە دەکەن.

سەرچاوەکان:

١. رادیو زمانە، http://www.radiozamaneh.com/٢٣٤٦١٠
٢. ماڵپەری ئەلعەربیە، http://farsi.alarabiya.net
٣. ماڵپەری اخبار روز
٤. ماڵپەری www.dw.com
٥. رادیو فەرانسە.
٦. ماڵپەری کەلیمە
٧. ماڵپەری سپای پاسدارن
٨. ماڵپەری فارس نیوز

| ناوی شیرکەت یان ناوەند | ئەرزش بە دۆلار | سەر بەچ لایەنێکە |
|---|---|---|
| پالایشگایی ئیسفەهان | ٢،١ میلیارد | لەلایەن سپای پاسدارنەوە کڕدراوە |
| بانکی پارسیان | لە ١٩ میلیارد دۆلار سپای پاسدارن ١،٧ میلیارد دۆلاری بەش هەیە | |
| سەنایعی پیرۆشیمی ئێران | ٨٠٠ هەزار دۆلار | ٦٠٪ سپا ئیدارەی دەکات |
| پیترۆشیمی پارس | ٧٠٠ هەزار دۆلار | ٤٠٪ سپا ئیدارەی دەکات |
| پیترۆشیمی مارون | ٦٠٠ هەزار دۆلار | ١٩٪ سپا ئیدارەی دەکات |
| سەنایعی ئالمنیۆمی ئێران | ٤٠٠ میلیۆن دۆلار | لەلایەن سپاوە کڕدراوە، تەنها زەویەکانی ئەو کارخانەیە ئەرزشی ٣٠٠ میلیۆن دۆلاری هەیە |
| مەعدەنی ئاسن لە ئەنگوران | ٢ میلیارد دۆلار | بە قیمەتی ١،٨ میلیارد دۆلار لەلایەن سپاوە کردراوە. |
| بانکەکانی سادرات، میللەت، تیجارەت | | ١٠ تا ١٥ ٪ سپای پاسدارن بەشی هەیە لەو بانکە گەورانەی ئیراندا |
| سەنایعی دەریایی سەدرا | ١٥٠ میلیۆن دۆلار | نرخی واقعی یەک میلیارد دۆلارە کە لەیەن سپاوە کردراوە. |
| شیرکەتی پیشەسازی ئیران | ١٥٠ میلیۆن دۆلار | لەلایەن سپای پاسدارانەوە کڕدراوە |
| کارخانەی تراکتۆری تەورێز | ١٨٠ میلیۆن دۆلار قیمەتی لەسەر دانراوە کە قیمەتی ئەسلی ٤٠٠ میلیۆن بووە | سپای پاسدارن بە ١٧٠ میلیۆن کڕیویەتی. |

# کوردەکان جگە لە شاخەکان هیچ هاوڕێیەکیان نییە

## ئەوە قسەی پێشمەرگەکانە



بێری شەلماشی

**بێری شلماشی ڕاپۆرتێکی لە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەورەترین ڕۆژنامەی هولە ندی دا بلاو کردوەتەوە کە تێی دا خە باتی کۆنی حیزبی گرێ داوەتەوە بە ئەورۆ لە ڕێگای وێنا کردنی ژیانی پێشمەرگانە ی دایک و بابی خۆیەوە کاتێک لە تەمەنی دوو ساڵان بوەو ژیانی ئێستای پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوچە شاخاویەکانی کێلە شین. ئەمەی خوارەوە دەقی راپورتی خاتو بێری شەڵماشییە:**

**کوردەکان جگە لە شاخە کان هیچ هاوڕێیەکیان نییە، ئەوە قسەی پێشمەرگەکانە**

کچی پێشمەرگە یەکی دێرین، واتە بێری شلماشی گە ڕاوەتەوە بۆ ناوچەیەکی سنوریی نێوان ئێران و عێراق. لێرە بۆمب بەردەبنەوە، بە لام ئەمن ئیدی نالەرزم. ئاسۆ زەرد هە ڵدەگەڕێ بە تە قینەوەی بۆمبێک کە برێک لە دووریی ئەم ناوچە یەوە دە تە قێتەوە. چەند چرکە یەکی پێ دەچێ تا دەنگە کەی دەگاتە ئێمە. ئەمن وا هەست دەکەم کە وەک گێژەڵوکەیەکی توند دەچێ. یەکەم بۆمب لە دورەوە دە تە قێتەوە. لە پڕ ئەو بیرەوەریانە لە ناخم دا زیندو دەبنەوە، کە باش لە بیرم نە مابون. بۆنی سووتاوی ئاگرێک بە بەرلوتم دا دێ کە لە ڕاستی دا نایبینم، کە چی تفتایی لە سەر زمانم هەست پێ دەکەم و فشار دە خاتە سەر لوتم. جارێک بابم بۆی گێڕامەوە کە چۆن پاش بارانی بۆمبان ئەمنی لە بن دارێک دۆزیوەتەوە کە لە ترسان لەرزیوم.

دایکی باشترین هاوڕێم لەو بۆمبارانەدا چاوێکی لەدەست دا، چونکە خۆی بەسەر کوڕەکەی دادابو تا زیان نە بینێ. ئەو کوڕە و من دوو ساڵان بوین. مان بەسەرەوەن، هەست دەکەم هەروەک ئەو کاتە بچوک بومەوە، بەڵام هەوڵ دەدەم خۆ ڕابگرم تا کەس هەستی پێ نەکا. کاتێک فەرماندەی پێشمەرگەکان دێتە لام و دەڵێ؛ چاوت لێیە، کچە پێشمەرگەیەکی ڕاستە قینەی. ئاڵای کوردستان لە تەنیشت ئارمی حزبی دێمهوکراتی کوردستان دەشەکێتەوە. حیزبێکی کوردستانی ئێران بە حەفتا ساڵ مێژووی تێکۆشانەوە، کە دیارە مێژووی دەسپێکی ژیانی منیش لە خۆی دا دەشارێتەوە. لەسەرەتای دامەزرانی دا ئەو حیزبە ناوی پێشمەرگەی لە سەر ئەو خەباتکارانە داناوە، کە ئامادە بوون گیانی خۆیان بەخت کەن بۆ مافی ڕەوای گەلەکەیان. دایک و بابی من وەک دوو پێشمەرگەی لاو لە نێو ئەو حیزبە دا لە گەڵ یەکتر ئاشنابون ولە ناوچە شاخاوییەکان لە بارەگای ناوەندیی حیزب دا زەماوندیان کرد. دایکم کۆچی دوایی کردوە و باوکم تا ئێستاش لە دوورە وڵاتی هەر چالاکە بۆ مەسەلەی کورد، بە هیوای ئەوەی کە ڕۆژێک بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی، کە زیاتر لە سی ساڵە نەی‌دیوە.

### کاوبۆی شاخی

ڕەنگە هیچ کاتێک وەک ئێستا لە چیرۆکی دایک و بابم نیزیک نە بوبمەوە،وەک لە و سەر دانەدا بۆلای حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ماوەیەکە هێزەکانی گەڕاونەوە نێو شاخەکان. لە تەنیشتم پێشمەرگەیەک دانیشتوە کە بە دەستێکی ئیشارە بۆ من دەکا و پێم دەڵێ کە ئاخر جار کە منی دیوە قەدم تەنیا هەشتا سانتیمیتر بووە. بە دەستەکەی دیشی کەڵاشینکۆفێکی گرتوە و سیمایەکی بەخۆی داوە کە دەکرێ ناوی کاوبۆی شاخی لەسەر دانێی. پێموایە ئەو کەڵاشینکۆفە هەر هی ئەو کاتەیە کە من هیچم لە بیر نەماوە، هەرچەند زۆر ئارەزوو دەکەم شتێکم لەو کاتە وەبیر بێتەوە، بەڵام بیرەوەرییەکانم تەنیا لە نێو هێندێک وێنەدا تۆمارکراون کە لە نیو شاخەکان دا گیراون.

تا ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی لە ساڵی 1979 دا کوردەکان و ئایەتوڵلا کان هەرچەند هەمان بەرنامەیان نەبو، بەڵام دوژمنەکەیان یەک بو. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دوای شۆڕش داوای خودموختاری بۆ کوردەکان کرد و خۆی بە نوێنەری ناسیونالیزمی کوردی ناساند بەڵام بە ئاشکرا ڕای گەیاند کە داوای جیابونەوە ناکا. حیزب دەی هەویست لە چوارچێوەی ئێران دا مەسەلەی کورد چارەسەر بکرێ و کورد لە ناوچەکانی خۆی دا بڕیاردەر بێ. حیزبی دێموکرات کۆنترۆڵی زوورბەی ناوچە کوردستانییەکانی بە دەستەوە گرت. بەڵام ڕژیمی تازە هاتو بە لشکر کێشیەکی گەورەوە هاتە سەرکوردەکان و بە شەڕی خوێناوی هەمو ناوچەکانی گرتەوە.

### پانتۆڵی فشی کوردی

دایکم لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران دا 17 ساڵ بووە، ئەو لەو کاتەوە پەیوەندی بە حیزبەوە گرتوە،، بە دوای یەکسانی دا گەڕاوە، وەکو ژن و وەکو کوردیش. لەگەڵ هێندێک لە ڕفیقەکانی لە مەدرەسەی پەروەردە کردنی مامۆستایان دا ڕۆڵێکی گەورەیاندیوە لە چالاکی ژنانی سەر بە حیزبی دێموکڕات دا. ڕژیم شارەکانی کوردستانی گرتبۆوە، بەڵام پێشمەرگەکان لە هەمو گوندەکان و ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان دا چالاک بوون. کاتێک ئەمن لە ساڵی 1983 دا لە زگی دایکم دا بووم، ئەو کاتە دایکم لە لایەن ڕژیمەوە گیراو چەندین مانگ لە ژێر شکەنجە دابو تا کاتێک حیزب ئەوی لەگەڵ زیندانیەکی ڕژیم گۆڕیەوە و لە مردن ڕزگاری کرد. کاتێک ئازاد بو بە منەوە بەرەو پاریس ڕۆیی تا بچێتە لای باوکم کە ئەوکات بۆ مەئمورییەتێکی دیپلۆماتی لەوێ بو. بە و پێیە من لە زگی دایکم دا زیندانی بووم و لە پاریس بە ئاوارەیی لە دایک بووم.

ئەمن چیرۆکی خۆم لە زمان هێندێک هاوڕێوە دەبیەمەوە، کە لەسەر ژیانی ڕابردووی ئێمە قسە دەکەن. ئەوان باسی دایکم وەک قارەمانێک دە کەن کە زۆر کەسی بۆ خەبات هانداوە، تەنیا کەسێک لە نێو بنە ماڵەکەیان کە لیباسی شیک و جوانی شاری گۆڕیوەتەوە بە پانتۆڵی فشی پێشمەرگانەی کوردی. بابیشم هەر لە سەرەتای لاوییەوە لە گەڵ خەبات تێکەڵ بووە. بەم دواییانە بۆی گێڕاومەوە کە چۆن زۆر بە منداڵی شاهیدی تیرەباران کردنی برا بە نێوبانگەکەی خۆی بە ناوی مەلا ئاوارە بووە لە لایەن ڕژیمی پاشایەتیەوە. بە هۆی ئەوەی کە یەکێک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بووە. ئەو ڕووداوە باوکی منی بە جۆرێک هەژاندووە کە نەی دەتوانی بیر لە هیچی دیکە بکاتەوە جگە لە گرتنە پێشی ڕێگای مامم. بۆیە هەستی خەباتگێڕی لە دایک و بابم دا هێندە بە هێز بو کە دوای لە دایکبونی من دیسان لە پاریس ڕا بە خۆ و بە مەلۆتکەیەکەوە کە من بووم گەڕانەوە بۆ شاخەکانی کوردستان. بۆ نێو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە لە سەر سنوری نێوان ئێران و عێراق لە ناوچە شاخاوییەکان دا جێگیر ببون. لە سەرەتا دا ئێمە لە چادرێک دا دەنوستین، بە لام ئەمن پوشەکی پاریسم پێوە بو. تا ئەو کاتەی لە کامپەکە ماینەوە کە بۆمبارانەکان مە جالیان لێ بڕین.



### لیستی تیرۆر

لە بیرم ماوە کە ئاخرەکەی ساڵی 1986 بەرەو ئوروپا گەڕاینەوە و خۆمان لە ئاپارتمانێک لە شاری لێواردن لە هولەند دیتەوە. بەڵام ئەو کاتە لە ئوروپاش ترسی زۆر لە دەستی درێژی تیرۆری ئایەتوڵلاکان هەبو. دەستی درێژی تیرۆری کۆماری ئیسلامی تا ئوروپاش درێژ ببۆوە. لیستێکی تیرۆری چالاکانی ئێرانی و و کورد هەبو کە ناوی باوکی منیشی تێدا بو. لە ساڵی 1989 دا مامۆستای باوکی من، ڕێبەری حیزبی دێموکڕات واتە دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملو، بە ناوی ووت و وێژلە لایەن ڕژیمی ئێرانەوە کێشرایە وییەن و لە سەر میزی ووت و وێژ لە لایەن تیمێکی تیرۆری ڕژیمە وەکە بە ناو بۆ ووت و وێژ هاتبون تیرۆر کرا.

پاش ساڵەها خەبات و شەڕی خوێناوی ساڵی 1992 کوردستانی عێراق کەوتە دەست کوردەکان. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بەشە ئازادە دا بارەگای ڕێبەرایەتی خۆی دامەزراند. لەو کاتەوە ناوەندی حیزبەکە لە سەربازخانەیەکی گەورەی زەمانی ڕژیمی سەددام حوسێن داکە بە ماشێن سەعاتێک لە هەولێر دوورە، دامەزراوە. ئەوێ پڕە لە هاوڕێی دایک و بابم. ئەوان لە نیزیک ئەو ناوەندە لە خانوی بچوک دا دەژین و تا ئێستاش چاوەڕوانی ئاڵ و گۆڕ لە ئێران دەکەن. بەڵام بە شێوەیەکی بەردەوام لاوانی نێو خۆی کوردستانی ئێرانیش دێن و پێیانەوە زیاد دەبن.

چەند مانگ لەمەوبەر، لە ژێر کاریگەری گەشە کردنی خەباتی کورد لە کوردستانی تورکیە، عێراق و سوریە دا، ئاگری خەباتی کورد لە کوردستانی ئێرانیش بلێسەی داوەوە. لە مانگی مای دا خۆپیشاندانی گەورەی نارەزایەتی هاتە ئاراوە لە شارەگەورەکانی کوردستانی ئێران دا و لە دەرەوەی شارەکانیش جوڵەی تازە هەیە. لە بەر ئەوەی کوردستانی عێراق لە دژی داعش بە زاهیر لە گەڵ ئێران لە یەک بەرە دایە، رێگا بە حیزبە دیارەکانی کوردستانی ئێران نادرێ کە لە شەڕ دژی داعش دا بەشداری بکەن. ئەوە دەیتوانی وەک تەمرینێک وابێ بۆیان لە خەباتیان دا لە دژی رژیمی ئێران.

بۆیە رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بریاری دا پێشمەرگەکانی بنێرێتەوە شاخەکان ودوای نیزیک بە 20 ساڵ لەوێ جێگیریان بکاتەوە. دوور لە بەرەی داعش و رێک بەرامبەر بە دوژمنی راستەوخۆی خۆیان.

شەش سەعات بە ماشێن برۆ بەرەو شاخەکان، حیزبی دیموکراتی کوردستان 7 پۆستی لە جێگای ستراتیژیک لە سەر سنوری ئێران و عێراق داناوە. هەروەها لە نێو خۆی ئێرانیش دا گروهی کۆماندۆی حیزب چالاکن. ئەو کۆماندۆیانەی کە هەر ئەو حەفتەیە لە گەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەرگیر بوون. لەو کامپەدا کە ئەمن سەرم داوە خەریکی خاوێنکردنەوەی کەلاشینکوفە کۆنە کانیان، چونکە خەتەری هەمو شتێک هەیە. ئەمن هێندێک لاو دەبینم کە تازە لە نێو خۆی ئێرانەوە هاتوون و پەیوەندیان بە حیزبەوە کردوە، چونکە هیچ داهاتویەکیان لە ژیانی ئەوێ دا بەدی نەکردوە. هەروەها هاورێکانی دایک و بابم دەبینم. بۆ ئەوان شاخەکان وەک ماڵی خۆیان وان. ئەوان شانازی بەوە دەکەن کە رێبازی پێشمەرگایەتی دیسان بگوێزنەوە بۆ نەوەکانی داهاتو.

لەو کاتەوە کە شەری دژی داعش دەستی پێ کردووە، بەخۆشیەوە جیهان رۆڵی گرنگی پێشمەرگە دەبینێ. ئەوە پیاوێک دەڵێ کە لە سەروی 60 ساڵەوەیە. پێشمەرگەیەکی لاو بە گوێم دا دەچپێنێ کە پێویستە لە گەڵ ئەو پێشمەرگە بە تەجروبەیە ووت و وێژ بکەم. ئێمە قەرار دا دەنێین کە رۆژی دوایی وت و وێژەکە بکەین، بێ ئەوەی لە ئاڵ و گۆرەکانی شەوی داهاتو ئاگادار بین و بزانین کە بەیانی زوو دەبێ ئەو کامپە بە جێ بێڵین.

### حەز و ئارەزوو

ئێمە لە چادرێکی گەورەدا چا دەخۆینەوەو یەکسەر هەست پێ دەکەین کە پێشمەرگە بوون بەدرێژایی مێژووی خۆی ستایلێکی ژیانی تایبەت بە خۆی هێناوەتە ئاراوە، کە باوکم زۆر جار بە حەز و ئارەزووەوە باسی دەکا. نەوعێک نۆستالژی تێدا شاراوەیە، لێرە لە سەر سنوری ئێران، زۆرتر لە جێگای دیکە،ئەو ژیانی پێشمەرگایەتیە خۆی زیندوو دەکاتەوە، تەنانەت زیاتر لە و جێگایەی کە بەرەکانی شەری داعشی لێیە. لە کاتێک دا شەری داعش بە چەکی مۆدێرن دەکرێ و لە دەشتەکانی نیزیک عەرەبستانە، لێرە پێشمەرگەکان لە نێو دڵی کوردستان دان، لە نێو شاخەکان دا کە ئەوان دەپارێزن و لە جێگایەکن کە پ.ک.ک شی لێیە.

ئەمن پرسیار لە فەرماندە خالید وەنەوشە دەکەم، ئێوە لێرە چ دەکەن و ئایا ئیمکانی رووداوی شەر هەیە؟ ئەو لە وەلام دا دەڵێ: ئەتۆ بە چاوی خۆت دەبینی ئێمە لێرە چ دەکەین. لە کاتێک دا کە دەورەیەکی تازەیچمان بۆ دێنن، بە پێکەنینەوە ئیشارە بە پێشمەرگە لاوەکان دەکا، کە گۆرانی بەسەر کچان دا هەڵ دەڵێن. رەنگە بە گوێ گرتن لەوانە هەر لە بیرت بچێتەوە کە لە کامپێکی نیزامی دای. بە خۆشیەوە دوای ماوەیەک ئەمن رێگا دەدرێم کە بەشداری بکەم لە بەرنامەی دەورەی نیزامی دا کە لە لایەن ریان، تەنیا سەربازی ئەمریکایی کە لە نێو حیزب دا هەیە، بە رێوە دەچێ. لە دڵی خۆم دا بە بوونی ئەو سەربازە ئەمریکاییە دڵخۆش نیم، چونکە ئێرە جێگای خەباتی ئەو نییە و بە گومانم لەوەی کە لەگەڵ ئامانجەکانی حیزب دا ئاشنابێ، بەلام پێشمەرگەکان دژی نەزەری منن و پێیان وایە زۆر باشە کە ئەو جۆرە کەسانە بێن و یارمەتی بدەن. ئەوان دەڵێن هەرچۆنێک بێ رژیمی ئێران دوژمنی هەردووک لامانە و بۆ خەباتی ئێمەش باشە ئەگەر بێگانەکان بێن و لەسەر خەباتی ئێمە بدوێن لە میدیا جیهانیەکان دا. هەر بۆیەش بە درێژایی رۆژ کامێرامانێک بە دوای ریانەوەیە. ئەو تازەترین تکنیکەکانی شەر و شێوەی تەقە کردن فێری پێشمەرگەکان دەکا، وەک ئەوەی کە لە ئەفغانستان فێری بووە. ئەمن زۆرم بۆ سەرنج راکێش نییە، بەلام دەبینم کە پێشمەرگەلاوەکان چۆن گوێی بۆ دەگرن و چەندیان پێویستە ئەو تکنیکانە فێر بن. بۆیە



منیش بەو قەناعەتە دەگەم کە ئەو دەرسانەیان پێویستە ئەگەر لە داهاتو دا توشی شەر بن.

کاتێک قسە لە گەڵ سمکۆ دەکەم، لاوێکی 19 ساڵە خەڵکی شارەکەی دایکم و ئەو شارەی کە لە قۆناغێک دا کۆماری کوردستانی لێ راگەیەنرا، لێی دەپرسم کە وەزعی ئێران بە راستی ئەوەندە خراپ بو کە ئەو بە پێویستی بزانی بە جێی بێڵێ؟ ئەو دەڵێ کە لە تەواوی ژیانی دا چەوسێنراوەتەوە. ئەو دەڵێ کە نەتەوە ژێر دەستەکان لە ئێران دا، بە تایبەت کوردەکان لە هەمو بارێکەوە لە ژێر فشار دان. ئەوە ئامۆزا و پورزاکانی خۆم وەبیر دێنێتەوە کە دەرسی چاکیان خوێندوەو بونە ئارشیتێکت، رەوانناس یا کارگەردانی فیلم کەچی هیچ کارێکیان نییە، چونکە هەمیشە لاوە فارسەکان بەسەر ئەوان دا تەرجیع دەدرێن و کارەکان دەدرێن بە ئەوان و تەنانەت لە ناو ئەوانیش کەسانێک هەڵدەبژێردرێن کە دایک و باوکیان لایەنگری رژیم بن. سمکۆ باسی ئەو رۆژە دەکا کە جیاوازیەکە بۆ ئەو دەستی پێ کردوە. ئەو دەڵێ؛ کاتێک لە دایک بوم ناوی من لە دەفتەری سەبتی ئەحواڵ رەت کرایەوە. ئەتۆ تەنیا ئازادی ناو لە نێو لیستێک دا هەڵبژێری کە دەوڵەت دای ناوە و هەمو ناوی شیعەن. سمکۆ وێنەی دوکتور قاسملوی بە ئێخەی خۆیەوە هەڵواسیوە کە لە ڤییەن تیرۆر کرا. ئەو دەڵێ حیزبی قاسملوی هەڵبژاردوە چونکە ئیدیۆلۆژییەکەی سەرنجی ئەوی راکێشاوە.

قاسملو بۆچوونەکانی سۆسیال دیموکراتی لە ئوروپا فێر بوو ئەوانەی وەرگێرایە سەر زمانێکی سیاسی ئەوتۆ کە خەڵکەکەی خۆی تێی بگا. لە سەرەتا دا هزر و لە دوایی دا چەکی پێناساندن بۆ بەرگری لە خۆ کردن.

لە ماوەی سێ مانگ تەمرینی پێشمەرگایەتی دا لە ناوەندە نیزامیەکەی نیزیک هەولێر، ئەو تەنیا دەرسی نیزامی نە خوێندوە، بەڵکو دەرسی کۆمەڵایەتیشی خوێندوە. باشە ئەدی لێرە چ دەکەی لەو شاخانەدا؟ لە شەهریار دەپرسم، پێشمەرگەیەکی دیکەی لاو. دایک و بابی ئەویش هەروەک دایک و بابی من، پێش لە دایک بونی ئەو لە گەڵ حیزبی دیموکرات بوون. وەلام دەداتەوە، کە ئیلزامەن بۆشەر لێرە نین. بوونی ئێمە لێرە ووره دەدا بە کۆمەڵانی خەڵک لە نێو خۆی وڵات. ئەو ئیشارە بۆ لای ئێران دەکا. جاران پێشمەرگە لە نێو شارەکانی خۆشمان هە بوون. ئەوە باوەری دەدا بە خەڵک. ئەمن لێرەم چونکە ئاوری هیوا لە دڵی پێشمەرگە و ئەندامە کۆنەکان دا دەبینم، وەک باوکی خۆم بۆ وێنە، هەروەها باوکی تۆ. هەمو چاوەروانی رۆژانی گەشە و بوژانەوەی حیزبەکەمانن.

ئازاد، ئەو پێشمەرگەیەی ئەمن لە هەولێرەوە لە گەڵی هاتوم، روونی دەکاتەوە کە کوردەکان لە نێو خۆی ئێران، کە هات و چۆی کوردستانی عێراق دەکەن، لە دوورەوە سلاو دەنێرن بۆ پێشمەرگەکانی خۆیان کاتێک توشیان دەبن و زۆر شانازیان پێوە دەکەن.

### ئێعدامەکان

ئازاد باسی ئەو راپۆرتانەش دەکا کە رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بڵاوی کردونەوە لە سەر ئێران و زۆر دڵ گرانە لەوەی کە سەرۆکی تازەی وڵات حەسەنی روحانی بەڵێنەکانی سەردەمی هەڵبژاردنی وەدی نەهێناوە. ئەو دەڵێ ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە زیندانیە سیاسیەکان لە سێدارە دەدرێن. ئەمنێستی ئینتەرناشنال باسی زیاتر لە 700 کەسی کردوە کە تەنیا لەوساڵ دا ئێعدام کراون، کە لە نێویان دا چەند ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانیشی تێدا بووە. جگە لەوە دەزگای چاوەدێری بەسەر مافی مرۆڤ دا رادەگەیەنێ کە لە ئێران دا فشار لەسەر چالاکی سیاسی و تەنانەت کلتوریش زۆرە. بە تایبەت کوردەکان، ئازەریەکان، عەرەبەکان و بلوچەکان و نەتەوەکانی دیکە فشاری زۆریان لەسەرە. جگە لەوانەش بلۆگ نوسەکان، رۆژنامەنوسەکان، فیلم سازەکان و ئەوانەی دیکە کە کاری فکری دەکەن روو بەرووی دژوارترین فشارەکان دەبنەوە.

ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ هەر لەو حەفتەیەدا بانگەوازی داوە بۆ ئازاد کردنی فیلم سازێک کە 8 ساڵ زیندانی بۆ براوەتەوە. لە سەر ئەوەی کە گۆیا لە فەیسبوک دا هێرشی کردوەتە سەر دەوڵەت. ناسراوتر لەوە ئەو باسانەن کە لە سەر جەعفەر پەناهی، کە 20 ساڵ حەپسی خانەگی بۆ براوەتەوە لە گەڵ قەدەغە کردنی فیلمسازی، یان بەهمەنی قوبادی کە لە ساڵی 2009 وە لە بەر فشارەکان وڵاتی بەجێ هێشتوە.

وەختێک ئێوارە دادێ هەر کەس بۆ جێگای خۆی دەگەرێ. لێرەو لەوێ پێشمەرگەیەک بە کێشک راوەستاوە. شەهریار دەڵێتەوە بۆ بەر پەرچ دانەوەی هێرش کەرانە. رۆژ دیمەنێکی جوان لە شاخەکان دروست دەکا. ئەمن بالندان دەبینم،، کە بە شێوەیەکی ئازاد لە سەر سنورەکان دەفرن. چراکانی نیگەهبانی ئێرانیەکان لە لای ئەوبەری تیشک دەدەنەوە. ئەمن ددانەکانم لە ئاوی تانکیەکە دەشۆم. لە نیزیک چادرەکەی خۆمەوە دەنگی ریانم لە نێو کیسە خەوەکەیەوە گوێ لێ دەبێ کە شۆخی لە گەڵ پێشمەرگەکان دەکا. بیر لەوە دەکەمەوە کە دەبێ کێی دیکەش گوێی لێ بگرێ.

لێرە ئێرکوەمان پێویست نییە، هەوای شاخەکان فێنکاییمان بۆ دێنێ و لە خەومان دەکا، تا ئەو کاتەی کە ئێف شازدە لە تورکییەوە هەڵدەفرن و خەومان لێ دەزرێنن . لە پێش دا وا بیر دەکەمەوە کە راستەوخۆ دەچنە سەر پ.ک.ک کە زیاتر لە داعش بۆمبەکانی تورکیەی بەسەر دا دەبارێ، بەلام فرۆکەکان بە سەر سەری مە دا دەگەرێنەوە. ئەمن نام هەوێ بترسم، بە لام ژیانی من لەو کاتە دا لە دەست سیاسەتی تورکیە دایە، کە نە ئەمن و نە کەسانی دیکەی کە لەم کامپەن هیچ کارێکمان بە تورکیە هەیە.

فەرماندە پێدەکەنێ کە ئەمن ناترسم لە چەند فرۆکەیەک. پێشمەرگەیەکی دیکە زۆری لەمن دەکا بچمە بن بەردێکی و دەشڵێ کە شیرنی ترس لە بیر دەباتەوە و لەرزین ناهێڵێ لە کاتی ئاوادا. ئەمن نەدەلەرزیم، ئەمجارەیان نا. بەلام شکم لەوە دا نییە کە ئەو بۆخۆشی دەترسا. فرۆکەیەک راست بەسەر کامپەکەمان دا دەوران دەدا. ئەمن هەست بە هیچیی دەکەم، لە ژێر رادارى تورکیە دا، لە سەر ئەرزی عێراق و لە ژێر دیدی نیزامی ئێران دا. ئەوهەستێکە کە ئەگەر کورد بی هەتە. بە خۆشیەوە بۆمبەکانی دیکەش بۆ لای ئێمە نایەن و چەند کێوێک لەولاترەوە بەر دەبنەوە.

### مینەکان

رۆژی دوایی بە یانی زوو بەرەو کامپێکی دیکە وەرێ دەکەوین. ئەمن کاری بەیانیم لە دەستشوییەکا کاتی جی بەجێ دەکەم، بەلام پێم رادەگەیەنرێ کە نابێ بە رەهارەوەی دەستشوییەکەدا بگەرێمەوە، چونکە لەو جێگەدا مینی چێنراو زۆرە. هێندەم ئیشتیا لەوەیە کە بچمە لایەکەی دیکە، چونکە لەوێ سنوری کوردستانی ئێران دەست پێ دەکا، ئەو بەشە لە کوردستان کە رەگەکانی من لەوێن. بەلام لەوەی زۆرتر لە حالی حازر دا ناتوانم نیزیکتر ببمەوە، ناتوانم تا ئاڵ و گۆر لە ئێران دا پێک نەیە.

رەنگە ئەو بۆچونە راست بێ کە دەڵێن، کە ئێمەی کورد هیچ هاورێمان نین جگە لە شاخەکان. بە لام لە دڵی خۆمدا هیوا دەخوازم کە دیالۆگی ئەمریکا و ئێران زۆرتر شوێن دانێ و تەنیا لەسەر چەکی ئەتۆمی و قازانجی ئابوری نەبێ. بەشکو مافی مرۆڤیش بێتە نێو بەرنامە و تا کەلاشینکۆفەکان بچنەوە عمبار و هەمو کەس بەرەوماڵی خۆی بگەرێتەوە، تەنانەت باوکی منیش.

سەرچاوە: سایتی کوردستان و کورد http://www.kurdistanukurd.

کوردستان
ژمارە: ٦٦٥
١٨ی ڕەزبەری ١٣٩٤
١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥



# ڕۆژی جیهانی «وەرگێران»و چەند سەرنجێک لەم بارەوە



عەلی لەیلاخ

کاتێک بۆ یەکەمجار لەلایەن قدیس «سنت جرۆم» کتێبی پیرۆزی مەسیحیەکان له زمانی عێبرییەوە وەرگێراوە سەر زمانی لاتین، ئاستی ئەم کارە بەنرخە واتە وەرگێران، تاڕادەیەک بە نرخ بوو کە بوو بە هۆی ئەوە کە ساڵرۆژی مردنی، واتە ٣٠سیپتامبر(٤٢٠)ی زایینی بەرانبەر بە٨ی ڕەزبەر ببێتە ڕۆژی جیهانی «وەرگێران»لە دنیاو بەم بۆنەوە گرینگی باشترو زیاتر بەم ژانرە ئەدەبی وزمانەوانییە بدرێت.

ئەم پێشنیارە لە ساڵی ١٩٩١ی زایینی لە لایەن فێدراسیۆنی نیونەتەوەیی «وەرگێران» بە مەبەستی سەرەنجدانی باشتر بە پیشەی وەرگێران هاتە ئاراوە،هەتا ڕێکخراوە فەرهەنگی و جیهانییەکان ئاورێکی جیدی لەم قەڵەمبەدەستان و هەڵسووڕانی ئەم بوارە گرینگە بدەنەوە.

لە بارەی «وەرگێر»ی باش و سەرکەوتوو بیروڕای زۆر هەیە، بە رواڵەت «وەرگێر» بە کەسێک دەگوترێ کە دوو زمان بە باشی تێبگات و، بتوانێ بابەتەکانی زمانێک بۆ سەر زمانێکیتر بگوازێتەوە. بەڵام ئەمە بە تەنیایی بەس نیە، بەڵکوو هێندیک لێهاتوویی و تایبەتمەندیی دیکەیان بۆ «وەرگێر» داناوە. بۆ نموونە پسپۆری زمانەوانی «یوجین نایدا» دەڵێ: کەسێک کە خاوەنی بەرهەمێکی بەرچاو نەبێت ناتوانێ بەرهەمێکی بەرچاو وەرگێران بکات. وەرگێر دەبێ وەکوو کاراکتەرێک بە لێهاتوویی لە نێوان گەمە زمانوانی ودەستە واژەکانی دوو زمان ڕۆل بگیرێ.

هەروەها «ناباکۆف» نووسەری بە ناوبانگی رووسی لەم بارەوە دەبیژێت: لێهاتووی نووسەری «وەرگێر» دەبێ لە ئاستی خاوەن بەرهەمەکەدا بێ.

بە وەردانەوەو سەرەنجدان بە بیروڕای ئەم دوو خاوەن ڕایە لەسەر «وەرگێر» بوومان دەردەکەوێت کە جیاوازێکی قووڵ هەیە لە نێوان کەسێک کە دووزمان یا چەند زمان دەزانێ لە گەڵ «وەرگێر».

وەرگیر پیویستە لە ژێرخان وباری مانایی ئەو دووزمانە کە دەیهەوێت بابەتێک تەرجومە بکاتەوە بزانێت و بە باشی لە نێوانی دوو زمانی «دەسپێک ومەبەست»(مبدا و مقصد) خاوەن زانست بێ هەتا بە باشترین شێوە ئەرکی ئەدەبی و زمانی خۆی بە جێ بگەێنێ. واتا لە هەردوو زمانەکە بە تایبەتی زمانی «مەبەست» بۆ نواندنی مەبەستی نووسەرەکە لێهاتووتر بێ، دەنا ناتوانی ئامەنەتدارێکی باش بێت. ورەنگە خوێنەرانیش بە هەڵە ببات وهەروەها زەبر لە ناوەڕۆکی بابەتەکە بدات. بە پێچەوانەوە وەرگێری بەتوانا دەتوانێ گیانی تازەتر و بە پێویست تر بخاتە جەستەی کەلام و هەستی نووسەرو، بە ماندووبوون دەتوانێ لە نواندنی جوان و بە پیزی خاوەنی دەقەکە، ڕۆڵی هەبێ و ببێتە بەشێکی گرینگ و بەرچاو لە ئافراندنی ئەندیشەو، ئامانجی سەرەکیی نووسەری بەرهەمی «دەسپێک».

بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی وەرگێری سەرکەوتوو بەگوتەی «ئادین دولە«:

- وەرگێر دەبێ لە ناوەڕۆکی تێکست و مەبەستی نووسەر بە باشی تێبگا.

- وەرگێر دەبێ زانیارێکی باشی هەبێ لە هەردوو زمان کە تێدا هەڵسووڕە واتە زمانی (مبدا ومقصد).

- وەرگێر دەبێ لە وەرگێرانی «وشە بە وشە« کە بە ناوەڕۆکی دەقەکە و جوانی بابەتەکە زیان دەگەیێنێ، خۆی ببوێرێ.

- وەرگێر دەبێ بە خۆ ماندوو کردن لە هەڵبژاردن و دۆزینەوەی وشەو دەستەواژەی شیاو هاوشان لە گەڵ زمانی بابەتەکە بتوانێ کاریگەریی کەلامی و زمانی دابنێ بەسەر خوێنەر.

- وەرگێر دەبێ شێوازی زارەکیی و ناوچەیی هەردوو زمانەکە بزانێت.






ئەو ئەزموونە سەرکەوتووانەی کە لە وەرگێراندا بەتایبەت «وەرگێرانی» کوردیدا دەبینین بە تەواوی بۆچوونی «ئادین دولە« و توێژەرانی دیکە پشت ڕاست دەکاتەوە کە تا هەر ڕادەیەک نووسەری وەرگێر بە زانیاری و وردبینیەوە بابەتێک وەربگێرێتەوە بە ڕاستی خزمەتێکی بە پیت و بە بەهرە دەکات بە بەرزکردنی ئاستی وشیاری و ئاگایی گەلەکەی لە بوارە جیاجیاکاندا وەکوو»ئەدەبیات، مێژوو، فەلسەفە، زانست.... هەروەها کاتێک بەرەهەمەکانی گەلی خۆی دەگوازێتەوە بۆ سەر زمانەکانی دیکە، واتا دەبێتە ئەوە کە ئەدەب و کلتووری گەلی خۆی بە جوانی بۆ گەلانی دیکە نواندوە و ئاکامی ئەم نواندە دەبێتە هۆی ناسیاری وتێگەیشتنی گەلان. ئەمە لە کردنەوەی بێ هەست ونەست نیە لە بواری «وەرگیران»ی جیددیدا، بەڵکوو کاراکتەرێکی قەڵەم بەدەستەو، لە جوانی بەخشین بەو زمان وبەرهەمانەی ئێمە لێ تێ ناگەین دەوری بەرچاو دەگێڕێ.

ئەو پردی جێ متمانەیە بۆ ئاڵوگۆر کردنی دەنگی فەرهەنگەکان و ئەندیشەکان کە یەک ناسین وگەشەی کۆمەڵایەتی و فیکری بەدواوەیە «وەرگێر» و پیشەی «وەرگێر»ییە، کە لە دنیای ئەدەب وزمانوانی بە حرفەو سەننعەت ناوی لێدەبن کە پاڵی داوەتە هونەرەوە.

ئەدەبی مەکتووبی کوردی ئەگەر لە ماوەیەکی کورت گەشەی بەخۆیەوە بینی بە تایبەت لە دوو ژانری «شێعروچیرۆک»، بەشێکی ئەم سەرکەوتنە کاتێک دایە کە زۆر جار کەتمانی مێژووی و ململانێی نەتەوەکان دەگەرێتەوە بۆ یەکتر نەناسینی فیکریی و فەرهەنگی. کەواتە «وەرگێر»ی بە توانا دەتوانێ نوێنەری گەلەکەی خۆی بێ بۆ هاوردەکردنی بەهرەی فیکری و هزری گەلانی دنیاو، هەروەها هەناردنی دەنگ و ڕەنگی جڤاکو نیشتمانی خۆی.

ئەمڕۆکە ئیتر «وەرگێر» ماشینی دیلماج قەرزداری هونەری وەرگێران وپیشەی وەرگێرییە.

بێ گومان هەر گەلێک ئاوات وویست ومەینەتی هاوشێوەی خۆی لە گەلانی دیکەدا دەبینەوە، بەسەرهات و دەسکەوت و سەرکەوتنی ئەوان دەبێتە هاندەر بۆرابوون و ڕاسانە فیکری وسیاسیەکانیش. لەم بارەشەوە دیسانەکە «وەرگێر» دەور دەبینێت وجێگەی ئەمەگناسییە. کەواتە بەشێک لە مێژووی شۆرشە نوێیەکانی کورد لە ڕەهەندی وەرگێرانەوە پێگەیشتووە ولە لایەکیتر بزاڤی ئەدەبی بەرگریش بەجۆرێک گرێدراوە بە هەوڵی وەرگێرە بەتواناکانی کورد.

ئەگەرچی ئەم ڕەخنەیەش بەرۆکیان دەگرێ کە بە بەراورد لە گەڵ بەرهەمە بیانیەکان کەمتر گرینگیان بە وەرگێرانی بەرهەمە کوردییەکان داوە، ڕەنگە ئەگەر لەم بارەوە هەوڵی جیددیان بدایە دەنگ ورەنگی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد لە ئاستی نێونەتەوەیی بەرزتر دەنگی دەدایەوە، هێندێک لە گرفتە سەرەکییەکانی کورد بە نامۆیی نەدەماوە. هەروەها زۆربەیان لە زمانی دووهەم واتە «فارسی/ یان عەرەبی›› بەرهەمی نووسەرانی ڕۆژئاوایی دەکەنە کوردی، کە لەم نێوانەدا گەیاندنی ناوەرۆکی ئاسەوارەکان تووشی زیان وخەسار دەبێو وەک زمانی ئەسڵی نایێتەوە. هەروەها لە بەشە فیکری وفەلسەفییەکان کە دەبێتە هۆی وشە ڕۆنان و سازکردن و دۆزینەوەی دەستەواژەی نوێ، «وەرگێرەکانی» ئێمە ژمارەیان کەم ودەگمەنن. پێویستە لەم بارەوە زیاتر هەوڵ بدەن وخۆیان بەس بە وەرگێرانی شیعرو چیرۆک گرێ نەدەن، هەتا زمانی کوردی لە بواری چەمکە زانستی و فەلسەفیەکانیش‌دا گەشە بکات.

بەڵام نکۆڵی لەمە ناکرێ کە تێکۆشانی وەرگێرە بەتواناو لێهاتووەکانی کورد، چ وەکوو دەرکەوتنی تاکەکەس وچ وەکوو کەسایەتێکی ئەدەبی کورد لە گەش و پەرەسەندنی هزروبیری ڕۆشنبیریی و ناساندنی ئەدەب و فەرهەنگی گەلان، خزمەتێکی بەرچاوو جێ پێزانینە. چونکە لە ڕۆچنەی ماندوویی وتێکۆشانی ئەوان ئێمە شاکارە ئەدەبیەکانمان بە زمان وهەستتێکی ئاشنا خوێندووتەوە، بە زمانی سادەتر ئەگەر هەوڵ و شەونخۆنی ئەوان نەبوایە ئێمە لە بەرامەی گوڵزاری ئەدەبی گەلان بێ بەش دەبووین. بێ شک دەتوانن کاراکتەرێکی جێ متمانە و بەهرەمەند بن لە هەردوولایەن چ گواستنەوەی بەرهەمە کوردییەکان بۆ سەرزمانەکانی دیکە کە هەرزمانێک دەرگای شارستانیەت و فەرهەنگی نەتەوەیەکە، هەم بە وەرگێرانی بابەت وئاسەواری گەلانی دیکە کتێبخانەو ژێرخانی فیکری و ئەدەبی کورد دەوڵەمەندتر بکەن.

خاڵی کۆتایی جاروبار لێهاتوویی وئاستی زانستی وەرگێر دەتوانێ تا ڕادەیەک بێت کە خوێنەر چیتر هەست بە زمانی دووهەم نەکات و ئەو بەرهەمە، بە بەرهەمێکی کوردی قبووڵ بکات. ئەمیش دیسانەکە دەگەرێتەوە بۆ وردبینی و ماندووبوونی نووسەری وەرگێر، کە بە خوشحاڵییەوە لەم بارەوە نموونەمان زۆرن.

ژێدەر: ماڵپەڕی «بیتوتە«، ماڵپەری کتێبخانەی ئەوین.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:665 10 Oct 2015

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەر لە ماڵاوایی

# «ئەگەر دارێک بەلادا هات و کەوت، هەموو دارو چی بەهارە خۆنەمردوون!»

### (وتەکانی دوایین ڕۆژی مامۆستایەکی وانەی ڕۆژنامەنووسی)

سەدرەدین ئیلاهی
وەرگێران لە فارسییەوە: وریا

**قوتابییە خۆشەویستەکانم!**

ئەمڕۆ دوا ڕۆژی کۆبوونەوەی ئێمەیە. ماڵاوایی لێک دەکەین و هەر کام لە ئێوە بە ڕێگایەک دا دەڕۆن کە ئەگەر سەرەتاکەی روون نیە، کۆتاییەکەی بۆ هەموومان ئاشکرایە. دەمەویست بۆ دوایین ڕۆژی کلاس، قسەیەکتان لەگەڵ بێنمە گۆڕێ، نەک لەو قسانەی تا ئێستا کردوومن و لێتان بیستووم. کلاسی تاڵی ئێوە زۆر درەنگ بەلامەوە شیرین بوو و، هەزار مخابن کە هێندێک لە ئێوە لەوانەیە وێنەیەکی ئەوتۆی من لە زەینی خۆتان دا هەتا ساڵانی زۆردوور هەڵ بگرن کە هیچ شێوەیەکی ئەو کەسە نەدا کە منم.

لەوە کە ئامۆژگاریتان بکەم و ڕێتان بۆ دەست نیشان بکەم بە تەواوی بێزارم. چونکە بۆخۆم چ ئەو کاتەی هەوای لاوەتیم لە کەللەی دابووو، چ ئێستا کە بەفری پیریم لە سەر نیشتوە، لەوانە کە دڵیان پێم دەسووتاو هەروەها لەوانەی نهێنی و ڕەمزی سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونیان بەگوێ هەڵ دێنام، زۆر بێزار بووم. ئێوەش وابن. کەوابوو با بە زمانێک کە تا ئێستا پێی نەدواوین، پێکەوە بدوێین.

**ئازیزانم!**

بیر لە مرۆڤ بکەنەوە کە لە ئاست بەرزی و بڵیندیی ئەودا، چیاکان نزمن؛ لە دلۆڤانی و میهرەبانی، کە سەرسەوزی و فێنکایی دەبەخشێ بە گەرووی زەوی.

تاقە کەسێک هەمیشە بە هەموو شتێک مەزانن، چونکە سەردەمی ئێمە، ڕۆژگاری پێوەندی و تێک ئاڵقانی هەموو دەستەکانە لە هەموو بەستێنەکان دا.

**خۆشەویستانم!**

لە ئەزموون و تاقیکردنەوە مەسلەمێنەوە. ترسنۆک و بودەڵەکان پێتان دەڵێن بەردە «سماتە» لە شکان نایە، جارێ بە نینۆک و جارێ بە چنگورک تاقی بکەنەوە، بزانن وایە؟

بە وەسوەسەی بۆنی عەترو چێژی ماچان، چڵک و کێم و زووخاوتان لەبیر نەچێتەوە. لە تابووتی سیسرکان دا، نوێژی مردوو بۆ باڵای بەرزی داران دامەبەستن. بڕواتان بێ بە جەنگەڵ و دەریاو رووەک. ئەگەر دارێک بەلادا هات و کەوت، هەموو دارو چی بەهارە خۆنەمردوون.

**ئازیزانم!**

بە ڕۆڵەکانی خۆتان بڵێن بە ڕۆڵەکانی خۆیان بڵێن: لەم خاکە ورشەدارەدا، دڵ و گیانی سەوزی داران، هەموو کات لە لێدان دابووەو، ماڵی داربڕو بیوربەدەستان هەمیشە وێران.

وەک گزینگی بەربەیانان بێئەمان و دنیاگربن، با چێژی باوێشکەکانی شەپۆلەکان، لە ژێر مەچەکی زەردەی بەیانی دا، هەست پێبکەن.

لەوانەیە ساڵێکی دی، چەکی دەستتان کە قەڵەمێکی بچووکە، ببێتە خەنجەرێکی دەبان. وشەکانتان، با وەک ئاوی ئەفسووناوی، رووی دزێویی بشواتەوە. لەگەڵ وشەکانتان، هەڤاڵ و هاوڕێ و برا بن، وەک بلێتی شانس و بەخت دوانیوەڕۆی هەموو ڕۆژانی چوارشەممۆ، نەچن سووکێ بیانفرۆشن.

بە دەنگتان کە کاتێ بڕژێنە نێویەک، دەبن بە هەورە تریشقەیەک، ئاوازێ بڵێن کەلەودا لەرەی خوماری چاوەکان نەبنە هەموو وردە خەمی گۆرانییەک، ئاوازێ بڵێن کە مرۆڤ لەودا لە گوڵی «ئەقاقیا» بۆن و بەرامەی خۆشترو، لە دەمی کێردی ئاشپەزخانە تیژترو بە برشتتر بێ.

کاتێک کە چوونە سەر شەقام وەکوو دارە سەرسەوزەکان، چراکانی «ترافیک لایت» لەئامێز مەگرن. ئەوان، ئەو ڕێیانەتان نیشان دەدەن کە دەبێ پێیان دا بڕۆن، لە چوون بۆ جێیەکیش کە «بڤە»یەو نابێ پێی لێ دابنێن، دەتانگێڕنەوە. چەندە خۆشە ونبوون لە نێو جەنگەڵێک دا کە دارەکانی سەمیمانە نامۆو وەحشین، ڕێ دیتنەوەو سەرەدەرکردن لە شارێک دا کە شەقامەکانی لە چەشنی شەقڵی شەڵواری ڕەنگ خۆڵەمێشیی «فلانێل»ی ئۆتووکر او، ڕێک و ڕاستن، چێژێکی نیە.

کاتێک ژیانی ئاسوودە بە دەمی زل و هەراشیەوە، بەو دەمە کە کەڵپەکانیان لە تووڕەیی و شەهوەت بۆکردوە، بەرامبەرتان وەستاو ویستی وەک پارووێەک هەڵتان لووشێ، تەنیا ئەوەندەی پێ بڵێن:

«ئەگەر من خۆم بەگەرووی رسواییدا بکەم، کۆترەکان لە ماڵێم دا دەمرن و لەیلووپەر بە دیواری حەوش و حەسارم دا هەڵ ناچێ».

**ئازیزانم!**

لە دوورترین ڕۆژەکان دا، درندەیی برسیەتی، بە ڕەزای قورسی کاوێژ هێنانەوەیەک مەفرۆشن.

ددانەکانتان لە لای سەرتاشی گەڕەک مەکێشن و لۆکەی لەجێ مەچێنن.

(*) ئەمە دەقی وتەیەکی «صدرالدین الهی» شاعیرو ڕۆژنامەنووسی ئێرانی لە دوایین ڕۆژی وانەتنەوەی لە مەدرەسەی ڕۆژنامەنووسی دایە کە جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٣ لە تاران پێشکێشی کردوە. «صدرالدین الهی» ئێستا لە «بێرکلی»ی کالیفورنیای ئەمریکا دەژی.

سەرچاوە: گۆڤاری «روزگار نو» بانەمەڕی ١٣٧٦

# فستیڤاڵی هۆنراوەو ئەدەبی کوردی «مناڵ و مەلوچک» لە پارێزگای ئیلام بەڕێوەچوو



بە پێی راپۆرتی کوردپرێس ، ئەم فستیڤاڵە بە هاوکاریی ئیدارەی گشتیی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی پارێزگای ئیلام ، کانونی پەروەرشی فکری منداڵان و تازەلاوان و چەند رێکخراوی دیکە بۆ ماوەی دوو رۆژ لە ئیوان لە پارێزگای ئیلام بەڕێوەچوو و لە کۆتایی دا ١٠ هەڵبژێردراوی ئەم فستیڤاڵە ناساندران و ژمارێکی دیکەش بە شیاوی ریزنان ناسێندران.

جێگری کەلتووریی ئیدارەی گشتیی ئیرشادی ئیسلامیی پارێزگای ئیلام لە ریوڕەسمی کۆتایی ئەم فستیڤاڵە کوتی : فستیڤاڵی هۆنراوەی کوردیی « مناڵ و ملوچگ» ، بۆ دووهەمن جارە کە لە ئاستی ئیلام و شاری ئیواندا بەڕێوەدەچێ و ئێستاکە بە سەرنجدان بە پێشوازیی بێوێنەی هۆنەران و هزروانان لەم فستیڤاڵە دەتوانین وەک فستیڤاڵێکی تایبەت بیناسێنین.

عومران خودئاموز راشیگەیاند : بە سەرنجدان بەوەی کە بەرپەیڤی تایبەتی ئەم فستیڤاڵە منداڵانن ئەم فستیڤاڵە ئەمساڵ بۆ پێشوازیی لە حەفتەی منداڵ بە دروشمی «جیهان بە پێکەنینی منداڵانەوە جوانە» بەڕێوەچوو کە هیوادارین هەمیشە منداڵانی ئەم سەرزەمینە و هەموو جیهان شاد بن.

بە پێی ئەم راپۆرتە بە خوێندنەوەی بەیاننامەی شاندی داوەران ، ٤ هونەرمەند لە پارێزگای کرماشان ، ٣ کەس لە ئیلام و سێ کەسیش لە کرماشان هەڵبژێردراوانی سەرەکیی ئەم فستیڤاڵە بوون.

بەم جۆرە عەبدولرەحمان فەهیمی لە کوردستان ، لەیلا وەزیری لە کوردستان ، حەمزە کەرەمی لە کرماشان ، فەرەیدون میرئەحمەدی لە کرماشان ، سۆران حوسێنی لە کوردستان ، کیومەرس بلدە لە کرماشان ، مەیسەم خورانی لە ئیلام ، سومەیە میهری لە ئیلام ، ئیسلام شاهمورادی لە کرماشان و نورەدینی ئازادی لە ئیلامەوە وەک هەڵبژێردراوی سەرەکیی فستیڤاڵی مناڵ و مەلوچگ ناسێندران

# هونەرمەندی فۆتۆگرافی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سێ دیپلۆمی فەخریی فستیڤاڵی ”فۆتۆ ئاوارد“ی ئەمریکای وەدەستهێنا



مەنسوور محەممەدی، فۆتۆگرافی خەڵکی مەهاباد لە بەشی پرۆفیشناڵو پێشبڕکێی ئەو فستیڤاڵەدا تابلۆ هونەرییەکانی پیشان دران‌و توانی سەرنجی لێژنەی هەڵسەنگاندن بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

لەو خولەی فستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فۆتۆ ئاواردی ئەمریکادا ١٧ هەزارو ٨٢٤ وێنەی فۆتۆگراف لە ١٣٠ وڵاتی جیهان بەشدار بوون. ئەو فستیڤاڵە هەموو ساڵێ لە دوو بەشی ئاماتۆڕو پرۆفیشناڵدا بەڕێوە دەچێ‌و مەبەست لە فستیڤاڵەکەش ناساندنی گەورەترین دەسکەوتەکانی هونەری فۆتۆگرافی لە جیهانە.

مەنسوور محەممەدی ساڵی ڕابردووش بەشداریی لە فستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فۆتۆی ”لوسی ئاوارد“ی ئەمریکادا کردبوو و توانیبووی دیپلۆمی فەخریی ئەو فستیڤاڵە وەدەست بێنێ. ئەو هونەرمەندە دەست و پەنجە ڕەنگینەی کورد هەروەها توانیویەتی میدالیای زیوی ئەنجومەنی وێنەگرانی ئەمریکا (PSA) لە فستیڤاڵی نێودەوڵەتیی ئۆسلۆڤۆنی بباتەوەو دیپلۆمی شانازیی فستیڤاڵی سەفەری ئەمریکاش دەستەبەر بکا.

مەنسوور محەممەدی ٣٩ ساڵی تەمەنە و بڕوانامەی ماستەر لە بەشی گرافیک لە زانکۆی هونەرە جوانەکان هەیە. ئەو جیا لەو خەڵاتانەی باسیان کرا، زۆر سەرکەوتنی هونەریی دیکەشی لە کارنامەی هونەریی خۆیدا هەیە. ئەو کە بە ٤ فۆتۆ بەشداریی لەو فستیڤاڵەدا کردبوو، سێ فۆتۆی کە لە سروشتی ناوچەی مەهاباد لە زستان، نانکردنی ژنانی گوندنیشن ئاژەڵداری لە کوێستانەکانی داڵانپەڕ گرتبووی، توانی سێ دیپلۆمی فەخریی ئەو فستیڤاڵە ببەنەوە. مەنسوور محەممەدی تا ئێستا ٢٠ پیشانگای وێنەی تایبەتی و بە گرووپی لە نێوخۆی ئێران و وڵاتانی دیکە کردۆتەوە.

خەڵاتە هونەرییەکانی فستیڤاڵی ”فۆتۆ ئاوارد“ی ئەمریکا ڕۆژی شەممەی ئەم حەوتوویە ڕاگەیەندرا.

# بەڕێوەچوونی کۆنسێرتی ” یادێک لە بولبولێک“ لە بۆکان

بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنیری کوردستان‌و کورد کۆنسێرتی ” یادێک لە بولبولێک“ لەلایەن گرووپی موسیقای باربۆد و نەکیساو، بۆ ماوەی سێ شەو لە فەرهەنگسەرای سیمورغ بەڕێوە چووە.

لەو کۆنسێرتەدا کە لە دوو بەشی فۆلکلۆرو موسیقیی ڕەسەن‌دا بەڕێوەچوو، لە بەشی موسیقیی ڕەسەن‌دا چەند بەرهەمێک لەلایەن سەلاح ئیبراهیمی‌و؛ لە بەشی فۆلکلۆردا چەند گۆرانییەک بە دەنگی سەلاح شەعبانی پێشکێش کران کە لەلایەن خەڵکی بەشدارەوە پێشوازیی گەرمیان لێکرا.

شایانی باسە مەبەست لە بەڕێوەبردنی ئەو کۆنسێرتە ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی مامۆستا حەسەن زیرەک بووە.

گرووپی ”باربد و نکیسا“ لە شاری بۆکان‌و لەلایەن مامۆستای مۆسیقای ئەو شارەوە ”ئەیووب نەوبەخت“ەوە دامەزراوە و ناوی گرووپەکەش ”باربد و نکیسا“ لە ناوی ئاوازدانەرێکی کۆشکی خوسرەو پەرویزەوە وەرگیراوە.




